# Evaluation of Theory of Remedial Secession in International Law and Its Corresponds to the Demand for Independence of the Kurdistan Region

Karwan Karimkhan Kakehamad[1], Mohammed Ehsan[2]
Governor of Shaqlawa District

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2471.22*
*Published: 21/07/2024*

## Abstract

The main subject of this study is “Remedial secession,” which emerged associated with the global development and promotion of human rights in a non-colonial context as a new theory of the principle of external self-determination right. In this respect, this study aims to analyze the direction and history of the Remedial secession paradigm and explain how the doctrine of this theory has formed and turned into conventional practice. Besides, in addition to a description of the foundation of remedial succession theory, several successful practical patterns of implementation of this theory all around the world have been introduced.

Finally, the conventional position and legislation process of the theory of remedial succession in international law were evaluated and based on the current theory, the separation of the Kurdistan Region from Iraq was studied.

***Keywords:*** *remedial secession, self-determination right, Territorial integrity of the State, Kurdistan Region of Iraq.*

# خوێندنەوەی تیۆری جیابوونەوەی چارەساز لەناو یاسای نێودەوڵەتی و گونجاندنی لەگەڵ ڕەوتی سەربەخۆییخوازیی هەرێمی کوردستان

**کاروان کەریمخان کاکەحەمەد**

**پ. د. محمد ئیحسان**

**پوختە**

جیابوونەوەی چارەساز، کە لە دۆخی ناکۆلۆنیاڵیدا لەگەڵ پێشکەوتنی جیهان و گرنگتر بوونی مافی مرۆڤ دەرکەوتووە و وەک تیۆرێکی نوێی مافی دیاریکردنی چارەنووسە بە شێوەی دەرەکی، بۆتە پرسی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە. بەم ڕوانگەیە، لەم نووسینەدا، ڕێڕەوی پارادایمی جیابوونەوەی جۆرە جیابوونەوەیە و دواجار بوونە عورفێکی چارەساز و چۆنیەتیی شکڵگرتنی دکتۆرینی ئەم کارکردی شیدەکرێتەوە. هەروەها وێرای باسکردنی پێکهاتەی تیۆری جیابوونەوەی چارەساز، چۆنیەتیی کاراکردن و سەرکەوتنی ئەم تیۆرییە لە هەندێک وڵاتی جیهاندا وەک نموونەی کردەیی و بەرچاو باسدەکرێت. دواجار پێگەی عورفی و ڕێچکەی یاسایی جیابوونەوەی چارەساز لەناو یاسای نێودەوڵەتیدا هەڵدەسەنگێ و بە پێوەری ئەم تیۆرییە جیابوونەوەی هەرێمی کوردستانە لە عێراق، تاوتوێدەکرێت.

**وشە کلیلییەکان:** جیابوونەوەی چارەساز، مافی دیاریکردنی چارەنووس، پاراستنی یەکپارچەیی دەوڵەتان، هەرێمی کوردستان.

# خوێندنەوەی تیۆری جیابوونەوەی چارەساز لەناو یاسای نێودەوڵەتی و گونجاندنی لەگەڵ ڕەوتی سەربەخۆییخوازیی هەرێمی کوردستان

## پێشەکی

بابەتی سەربەخۆیی لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە مافێکی ڕەوایە و لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتیشەوە بە پیرۆز داندراوە. لەم ڕوانگەیەوە، هاوشان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی مرۆڤدا، یاسای نێودەوڵەتیش بەرەوپێشەوەچووە. یەکێک لەو پێشکەوتنانەی یاسای نێودەوڵەتی، گۆڕانی ڕوانگەیە لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس کە لە سەردەمی دوای داگیرکاریدا (Colonization) ڕەهەندێکی مافتەوەرانەی وەرگرتووە. هۆی سەرەکیی ئەم گۆڕانە گرنگبوونی مافی مرۆڤە لە جیهاندا، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە جیاکاری (Discrimination) بە هۆی جیاوازیی نەژادی و ئاینی، دەکرێت. بوونی پێکهاتەی نەژادی، زمانی و ئاینیی جیاواز لە ناوەوەی سنووری بەشێک لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا و دروستبوونی وڵاتگەلی دەستکرد و فرەپێکهاتە، بە تایبەت لە هەندێک وڵاتی خۆرهەڵاتی ناویندا، بۆتە هۆی کێشەی ناوخۆیی و دواتر کێشەکان ڕەهەندێکی نێودەوڵەتیشیان پەیداکردووە. لە دوای نەمانی ئیمپراتۆریەتە مەزنەکان، هەروەها لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی و دروستبوونی دەوڵەتگەلی گەورە و ناوەندگەرا، ئاستی کێشە ناوخۆییەکان پتر هەڵکشاون، بە جۆرێک کە لە مێژووی هاوچەرخدا کارەساتی وەک پاکتاوکردن، تاوانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ و جینۆسایدی لێکەوتۆتەوە، جگە لەم تاوانانە، لەم سەردەمەدا تواندنەوەی نەتەوەکان بە چەکی هەژموونی فەرهەنگی بە شێوەیەکی نەرم و هێواش جێی هەڵوەستەیە، بۆیە پرسی لەتبوونی وڵاتان و جیابوونەوەی پێکهاتە مەرجدارەکان و خواستی سەربەخۆیی نەتەوەگەلی ژێردەست لە جیهاندا زیاتر بووە.

بابەتی جیابوونەوەی چارەساز (Remedial Secession)، وەک پێناسە و واتایەکی نوێی بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس، کە بەپێی پێشکەوتنی زانستی یاسا و پەرەسەندنی جیهان لە ناو دەفری بەجیهانبووندا بۆتە گوتارێکی گرنگیی مافی مرۆڤ، بە تایبەتی مافی ئەو نەتەوە و پێکهاتانەی کە کەوتوونەتەوە ژێر ستەمی سیستەماتیکی دەوڵەتانی ناوەندگەرا، ئەمە بۆتە باسێکی گرنگی زانستی یاسا. ئەم تیۆرییە لەژێر بانی یاسای نێودەوڵەتی سەرنجی دراوەتێ و ڕاوێژی لەبارەوە کراوە و چەندین وڵات لە جیهاندا بەپێی ئەم تیۆرییە لە وڵاتی پێشتر جیابوونەتەوە. بەم ڕوانگەوە، نەتەوەی کورد، کە لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی بە زۆرداری بە دەوڵەتی ناسروشتی و دەستکردی عێراقەوە لکاوە، کێشەگەلێکی لەگەڵ عێراقدا هەیە. دوای ئەم لکانە، جگە لەوەی کێشەکانی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندا قووڵتر بوونەتەوە، تاوانی کارەساتباریشی لە دژی کورد لێکەوتەوە، کە بەپێی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق هەندێک لەو تاوانانە وەک جینۆساید سەلمێنراون. بۆیە بەپێی گرنگایەتیی مافی مرۆڤ و پێشکەوتنی یاسای نێودەوڵەتی لەوبارەیەوە بابەتی جیابوونەوەی چارەساز وەک ڕێکارێکی چارەسەری جێی شرۆڤەیە.

بەم ئاراستەیەدا ئەم نووسینە دەیەوێ لەناو مەیدانی یاسای نێودەوڵەتیدا سەرنج بداتە پێگەی تیۆری جیابوونەوەی چارەساز و دواتر بە پراکتیکیکردنی ئەم تیۆرە لە هەندێک وڵاتی جیهاندا تاوتوێ بکات و لە بەشی خوێندنەوەی بابەتیدا ئەم تیۆرییە لەگەڵ پرسی جیابوونەوەی باشووری کوردستان لە عێراق بەراوردبکات. لێرەدا، بە ڕوانین لە یاسای نێودەڵەتی، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، ئایا دەکرێ بەدواداچوون بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان، لە چوارچێوەی تیۆری جیابوونەوەی چارەسازدا، بکرێت؟ بەپێی وەڵامی گریمانەیی، جیابوونەوەی چارەساز وەک عورفێکی یاساپەسەند لە دادگای دادی نێودەوڵەتی ڕاوێژی لەبارەوە کراوە و بەم دکتۆرینە چەند وڵاتێک لە دەوڵەتی ناوەندەوە جیابوونەتەوە؛ هەرێمی کوردستانیش، کە هەموو پێکهاتەیەکی نەتەوەبوون و هەموو توخمێکی دەوڵەتسازیی تێدایە دەتوانێت بە مەبەستی وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی، بە تایبەت بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و ڕێگری لە کارەساتی مرۆیی بەم دکتۆرینە بەرەو جیابوونەوە لە عێراقێک هەنگاو بنێت.

لەگەڵ ئەوەی یەکێک لە هۆکارەکانی ڕێفراندۆمی گەلی کوردستان ڕەهابوون لە ستەم بوو، واتە مەزلوومیەت ڕەوایەتی بە سەربەخۆیی دا، بەڵام تا ئێستا بە شێوەیەکی زانستی تیۆری جیابوونەوەی چارەساز بۆ چارەکردنی پرسی کورد باسنەکراوە و لە ناو کوردیشدا کاری زانستی بەربڵاوی لەسەر نەکراوە. لەو دەلاقەوە، گرنگیی ئەم توێژینەوەیە، وەک کارێکی نوێ و بە نیگایەکی جیاواز، لەوەدایە کە دەیەوێ دۆخی تایبەتی هەرێمی کوردستان بە ڕوانگەیەکی تیۆری، بە زمانی کوردی، هەڵسەنگێنێ. ئامانجی سەرەکی، جگە لە بەدواداگەڕان بۆ وەڵامی پرسیاری سەرەکی، ئەوەیە کە ڕەوایەتیی جیابوونەوەی چارەساز بە دیدێکی یاسایی و بە زمانێکی زانستی تاوتوێبکرێت و ئەدەبیاتی جیابوونەوەی چارەساز لە ناوەندێکی زانستی لە هەرێمی کوردستان بەرهەمبێت. میتۆدی ئەم توێژینەوەیە، بە سوودوەرگرتن لە خوێندنەوەی کتێبخانەیی، بە شێوازی وەسفی و شیکاری دەبێت کە لە شەش تەوەرەدا شەنوکەو دەکرێت. لە تەوەری یەکەمدا، چەمک و بنەمای تیۆری جیابوونەوەی چارەساز دەخرێتەڕوو. لە تەوەرەی دووەمدا، ڕەوتی واتایی بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس و بنەمای پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتان بەپێی سەردەم دەدرێتە بەرباس و پەیوەندیی جیابوونەوەی چارەساو بەم دوو بنەمایە ڕووندەکرێتەوە. تەوەرەی سێیەم، باسی پێگەی دکتۆرینی جیابوونەوەی چارەساز لەناو یاسای نێودەوڵەتیدا دەکات. تەوەرەی چوارەم، ڕای ڕاوێژی دادگای دادی نێودەوڵەتی لەبارەی جیابوونەوەی ساز دەکات. لە تەوەرەی پێنجەمدا، خوێندنەوەی بابەتی دەکرێت و تێیدا وەسفێکی مێژوویی ڕەوتی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دەکرێت و لە تەوەرەی شەشەمدا، ڕەوایەتی جیابوونەوەی کورد لە عێراق لە چوارچێوەی تیۆری جیابوونەوەی چارەساز هەڵدەسەنگێنرێ و دواتر لە دەرئەنجامدا بە ئاراستەی پرسیاری سەرەکی وەڵامی بەدەستهاتوو دەخرێتەڕوو. لەم ڕێگەیەدا، سەرەکیترین گرفتی بەردەم، نەبوونی سەرچاوەیە بە زمانی کوردی، کە ئەمەش بۆتە هۆی ناڕوونیی هەندێک چەمکی زانستی.

**تەوەرەی یەکەم: چەمک و چوارچێوەی تیۆری جیابوونەوەی چارەساز**

لەم سەردەمەدا گوتاری مافی خۆسەری و سەربەخۆییخوازی لە بەرانبەر مافی حاکمیەت و یەکپارچەیی خاکدا پتر دەرکەوتووە. (کهریزی، 1398: 67) لەو ڕەوتە گوتارییەدا، جیابوونەوەی چارەساز، وەک ڕوانگەیەکی پەرسەندووانەی یاسای نێودەوڵەتی، جگە لە بارە عورفی و یاساییەکەی، وەک دەستەواژەیەک بەپێی پێشکەوتنی سەردەم و کاڵبوونەوەی تیۆرگەلی کلاسیک لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بە ڕوانگەی مسۆگەرکردنی مافی مرۆڤ و ئاشتەواییەکی پایەدار لە جیهاندا سەریهەڵداوە. لەلایەک جیابوونەوەی چارەساز پەیوەندییەکی زۆری بە مافی دیاریکردنی چارەنووس و مافی جیابوونەوە هەیە. لە لایەکی دیکە، ئەم جۆرە جیابوونەوەیە، وەک قەرەبووی زیانی گەورە لە پێکهاتە و نەتەوەیەکی ژێردەست، بۆتە بابەتێکی باسهەڵگری دادگای دادی نێودەوڵەتی و لە هەندێک شوێنی جیهانیشدا کارپێکراوە؛ بۆیە دەتوانین بڵێین تیۆری جیابوونەوەی چارەساز هێزی عورفی و یاسایی وەردەگرێت.

**بابەتی یەکەم: دەستەواژە و چەمکی جیابوونەوەی چارەساز**

چەمکی مافی دیاریکردنی چارەنووس لەناو یاسای نێودەوڵەتیدا لە دەیەی 1950 تا ئێستا هەروا بەرەو کامڵبوون دەڕوات. لەم ڕەوتەدا دەستەواژەی جیابوونەوەی چارەساز یەکەم جار لە لایەن یاسازان و مافناسی ئەمریکی "لی بوچهیت" لە کتێبەکەیدا بە ناوی "*جیابوونەوە: ڕەوایی دیاریکردنی چارەنووس*" لە ساڵی 1978دا بەکارهێنرا. بوچهیت پێیوابوو بڕیارنامەکانی نێودەوڵەتی هاوسەنگییەکیان لە نێوان مافی دیاریکردنی چارەنووس و مافی حاکمیەتی خاکدا سازکردووە و وەهاش نییە کە مافی حاکمیەتی خاک لەچاو مافی دیاریکردنی چارەنووسدا لەپێشتر بێت. لەوبارەوە، پڕۆفیسۆر "توماشات" دەڵێت: "پێویستە ڕێگە بدرێت تاکوو ئەندامانی کۆمەڵگەیەک بەهۆی هەبوونی جیاکارییەکی سیستەماتیک، کە بۆتە هەڕەشە لەسەریان و تووشی چارەڕەشیی کردوون، وەک دوایین ڕێکار جیاببنەوە". (شهبازی، 1392: 39) بە بۆچوونی یاسازانانێک "لە کاتێکدا ئەگەر مافی دیاریکردنی چارەنووس لە ناوخۆی

وڵاتدا بە شێوەیەکی جددی و بەردەوام پێشێلبکرێت و لە هەمان کاتدا پەنابردن بۆ ڕێکاری دیکەش کرابن و ئەم ڕێکارانە دەرئەنجامێکی ئەرێنییان نەبووێت، لەوانەیە جیابوونەوە دوایین کلیلی چارەسەر بێت" هەندێکی دیکەش بە لێکدانەوەی شیکارییانە لەبارەی پەیوەندیی نێوان مافی دیاریکردنی چارەنووس و یەکپارچەیی خاکدا گوتوویانە: "پارادۆکسی نێوان بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس و بنەمای یەکپارچەیی خاک لە بەرژەوەندیی بنەمای دووەم، واتە بنەمای یەکپارچەیی خاک، کۆتایی پێدێت تەنیا لە یەک شتی تایبەتدا نەبێت، ئەویش پێکهاتەکان یان خەڵکی خۆجێیین کە بوونەتە قوربانیی پێپەستکردنی یاسای بنەڕەتیی مافی مرۆڤ". ئەم جۆرە لێکدانەوەیە لە بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس، کە بە مەبەستی ڕێگری یان چارەسەرکردنی کێشە سەریهەڵداوە، بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەمکی جیابوونەوەی چارەساز.

**بابەتی دووەم: بنەمای فەلسەفی و تیۆریی جیابوونەوەی چارەساز**

جیابوونەوەی چارەساز، کە شرۆڤەیەکی پێشکەوتووبینانەیە لە بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس، بە نیگایەکی ئەخلاقی، مرۆیی و مافخوازانە دەیەوێ بە پێدانی مافی جیابوونەوە بە پێکهاتە ستەملێکراوەکان چارەسەری کێشەگەلی درێژخایەن بکات و ڕێگە لە ئەگەری ڕوودانی کارەساتی مرۆیی بگرێت. ئێستا ئەم شرۆڤەیە لە ئاستی گوتارێک دەرکەوتووە و وەک پارادایمێک ڕێکخراوە و وەک تیۆرێکی یاسایی شیاوی هەڵسەنگاندنە. ئەم تیۆرییە پێشینەیەکی فەلسەفی هەیە، کە لەبارەی واقیع و مافی مرۆڤەوە دەدوێت. بەپێی ئەم تیۆرە، فەلسەفەی هەبوونی دەوڵەت خزمەتکردنە بە مرۆڤایەتی، کەواتە ئەگەر دەوڵەتێک نەتوانێت بە کردار ئەم واتا فەلسەفییە جێبەجێبکات ئەوا ڕەوایەتی و گرنگییەکەی دەچێتە ژێر پرسیارەوە؛ لەم گۆشەنیگایەوە بێ هۆ نییە کە دەڵێن؛ مافی مرۆڤ سەرەکیترین بنەمایە. (حدادی و کریمی، 1394: 717-718) بەو ئاراستەیەدا، تیۆری جیابوونەوەی چارەساز لە ڕوانگەی مافی مرۆڤ دیدێکی ڕیشەیی و فەلسەفی بۆ چارەکردنی کێشەکان هەیە.

بە گشتی، لە تیۆری مافی موتڵەقی جیابوونەوەدا بەبێ پێشێلکردنی مافی پێکهاتەیەک، کاتێک ڕای زۆرینەی خەڵک لەسەر جیابوونەوە بێت (عزیزی، 1400: 345)، مافی جیابوونەوە ڕەوا دەبێت، بەڵام بەپێی تیۆری مافی جیابوونەوەی چارەساز، کاتێک مافی پێکهاتەیەک پێشێلدەکرێت جیابوونەوەی ئەو ) ئەم تیۆرییە پێشمەرجی خۆی هەیە. لەوانە:Allen, 2007: 364پێکهاتەیە ڕەوا دەبێت. (

- حاشاکردنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بە شێوەی ناوخۆیی؛ پێشێلکردنی بەربڵاو و بەردەوامی مافی مرۆڤ. (حبیبی و نواری، 1393: 102)

- دەبێ ئەو پێکهاتەیەی کە ویستی جیابوونەوەی هەیە گرێدراوی جوگرافیایەکی تایبەت بە خۆی بێت.

]" دابندرێن.People- ئەو پێکهاتەیەی کە دەیەوێ جیابێتەوە لە ڕووی چەمکییەوە بە "گەل [

- تێپەڕاندنی گشت قۆناغ و ڕێکاری کاریگەر و واقیعبینانە بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بە شێوەیەکی ناوخۆیی لە چوارچێوەی دەوڵەتی ناوەند.

- ئەو تاوانانەی کە دەوڵەتی ناوەند لە دژی پێکهاتەکان کردوویەتی لە ئاستێکدا بن کە بە شێوەی ناوخۆیی لە چوارچێوەی دەوڵەتی ناوەنددا قەرەبوو نەکرێنەوە. (عزیزی، 1400: 344)

## تەوەرەی دووەم: مافی دیاریکردنی چارەنووس

وەک مافێکی بنچینەیی یەکێکە لە سەرەکیترین و لە ڕوانگەی مرۆییەوە، مافی دیاریکردنی چارەنووس پیرۆزترین مافەکانی مرۆڤ لەناو یاسای نێودەوڵەتیدا. بەپێی ڕاپۆرتی ئاوریلیۆ کریتێسکۆ: "مافی

دیاریکردنی چارەنووس مافێکی بونیادییە کە بەبێ ئەو مافە یاسا و مافەکانی دیکە جێبەجێ نابن. ئەم مافە وەک مافی خەڵک (مولایی، 1393: 9) بۆ دیاریکردنی سیستەمی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی پێناسەکراوە" (اخوان خرازیان، 1386: 95) و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانیش، وەک چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتی، بۆتە گوتارێکی گشتگیر. (خلف رضایی و دیگران 1396: 665) مێژووی بنەمای ئەم مافە، کە دەوڵەت-نەتەوەی لێدەکەوێتەوە، بۆ پەیمانی ئاشتیی وێستفالیا (1648) دەگەڕێتەوە و بە بەهایەکی مێژوویی دادەندرێت. (قاسمیان و مؤیدیان، 1398: 2019) دواجار بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس لەناو چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە ماددەی (1)-(2) وەک ئامانجێکی سەرەکیی نەتەوە یەکگرتووەکان جێی بۆ کراوەتەوە. واتە «...پەرسەندنی پەیوەندیی دۆستانەی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافی یەکسان و دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک و کەلکوەرگرتن لە ئامرازی گونجاو بۆ پتەوکردنی ئاشتیی جیهانی...» بووە باسێکی سەرەکی و هەر ئەم باسەش بووە هۆی ئەوەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بۆ وڵاتانی ژێردەستی داگیرکەرە کۆڵۆنیاڵیستەکان لە لایەن وڵاتانی زلهێز، بە تایبەتی بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، پەسەندبکرێت و لەو کاتەوە مافی دیاریکردنی چارەنووس بووە بنەمایەکی گرنگی یاسای نێودەوڵەتی. بەپێی ئەو بنەمایە خەڵک ئەو مافەیان هەیە کە بە ئازادی و بەبێ دەستوەردانی دەرەکی شێوازی ژیانی سیاسیی خۆیان دیاریبکەن و بەدواداچوون بۆ پەرەسەندنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی خۆیان بکەن و هەموو دەوڵەتێک دەبێ، وەک ئەرکێک، ڕەچاوی ئەم مافە بکەن. بەگوێرەی ئەم بنەمایە دەوڵەتەکان نابێ بە شێوەیەکی توند و گرژ پێش بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بگرن. شایانی ئاماژەیە لە دوای تەواوبوونی جەنگی سارد، شرۆڤەی ئەم پرەنسیپە لە پێناسەی کلاسیکیی خۆی دەرچوو و لەناو شەپۆلەکانی دیموکراسیدا وەک مافی پێکهاتە و نەتەوەکانی ژێردەست گرنگیی پتری پێدرا و شرۆڤەی نوێی وەک سەربەخۆیی بۆ کرا و لە مەیدانی پراکتیکدا لە پرسێکی نموونەیی وەک کۆزۆڤۆدا خۆی نواند.

### بابەتی یەکەم: ڕەوتی گەشەی مافی دیاریکردنی چارەنووس

چەمکی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە درێژایی کات، بە ئاراستەی دابینکردنی نیازەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی، کامڵ و سازگار دەبێت. (عزیزی، أ، 1400: 2) ئەم مافە شرۆڤەی جیاجیای بۆ دەکرێت و زۆر جار وەها دادەنرێت کە تەنها بۆ سەربەخۆیی دەوڵەتانە لە بەرانبەر دەوڵەتانی دیکەدا، دەتوانین بڵێین وەک پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبیندرێت. لە ڕاڤەیەکی دیکەدا، مەبەست لە مافی دیاریکردنی چارەنووس سەربەخۆیی وڵاتان و نەهێشتنی دەسەڵاتی کۆڵۆنیاڵیزم و بە ڕواڵەت ئەم ڕاڤانە بە پێچەوانەی سەربەخۆبوونی پێکهاتەیەکن لەناو دەوڵەتگەلی داگیرکارە. وڵاتێکدا. بەڵام لە جۆرە بۆچوونێکی دیکەدا مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ ئەو نەتەوە و پێکهاتە نەژادی و ئاینییانەش دێت، کە مەترسی لە داهاتوویەکی تراژیدییان ڕێدەنیشێ و لەلایەن دەوڵەتی ناوەندەوە دەخرێنە ژێر ستەمی سیستەماتیک و جیاکارییەکی بەردەوام. بەگوێرەی ڕاڤەی سێیەم، مافی دیاریکردنی چارەنووس بە ڕواڵەت لە بەرژەوەندیی سەربەخۆییخوازانە و دژی مافی یەکپارچەیی وڵاتان و دەستوەرنەدانی سنووری سیاسی و یاسایی وڵاتانە. (حدادی و کریمی، 1394: 715)

**بابەتی دووەم: جیابوونەوە لە دۆخی داگیرکردن و داگیرنەکردندا**

داگیرکاریی کۆڵۆنیالیزم جۆرێکە لە دارگیرکردن و سوودوەرگرتن لە سەرچاوەی وڵاتانی بندەست کە لەلایەن وڵاتانی زلهێز بە بیانووی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتانی لاواز و ژێردەست لە سەدەی پانزدەهەم بەولاوە دەستیپێکرد. لە سەدەی 19 و 20 شێوازی ناڕاستەوخۆی داگیرکاری کۆڵۆنیالیزم لەو وڵاتانە لەژێر ناوی سەرپەرشتی جێبەجێدەکرا. لە ڕووی یاساییەوە لە دەیەی 1950 نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەبەستی نەهێشتنی داگیرکاریی کۆڵۆنیاڵیزم بڕیاری 1514ی لە دێسەمبەری 1960 بە ناوی مافی دیاریکردنی چارەنووس کردە چوارچێوەیەکی ئیلزامی لەناو سیستەمی یاسای نێودەوڵەتیدا. (عزیزی، 1400: 2)

بە گشتی، جیابوونەوە لە دەوڵەتی ناوەند لە دۆخ و بەستێنی تایبەتدا بە دوو جۆر دەبیندرێت؛ واتە جیابوونەوە لە دۆخی داگیرکردن و جیابوونەوە لە دۆخی داگیرنەکردن. لە ڕووی یاساییەوە مافی دیاریکردنی چارەنووس وەها لێکدراوەتەوە، کە تایبەتە بۆ دۆخی داگیرکردن. بۆ وێنە جیابوونەوەی ئەلجەزاییر لە فەڕەنسا بە جیابوونەوەی لە دۆخی سەپاوی داگیرکردن دادەندرێت. بەڵام لە خوێندنەوەیەکی مافتەوەرانەدا بەپێی پێشکەوتنی یاسای نێودەوڵەتی، جیابوونەوە تەنیا بۆ دۆخی داگیرکردن بە شێوازی کلاسیکی نییە. لەو دەلاقەوە، جیابوونەوەی کۆزۆڤۆ لە سربیا، جیابوونەوەی ئابخازیا و ئوستیای باشوور لە جۆرجیا و جیابوونەوەی کریمە لە ئۆکراین دەچێتە خانەی جیابوونەوە لە دۆخی داگیرنەکرندا. (عزیزی، 1394: 95) لەم شێوازەدا، جیابوونەوە لە دۆخی داگیرنەکردن و ستەمی سیستەماتیکدا، وەک دوا ڕێچارە، زیاتر دەچێتە ژێر سێبەری مافی دیاریکردنی چارەنووس؛ بە جۆرێک کە جیاوازییەکی لەگەڵ دۆخی داگیرکاریدا نییە. لەو بارەوە جیمز کرافۆرد ستەمی دەوڵەتی ناوەند لەسەر پێکهاتەیەک بە داگیرکاریی ناوخۆیی (Internal Colonization) ناودەبات. (ابراهیم گل و کریمی، 1394: 8)

لە ڕەهەندی یاساییشەوە، بە خوێندنەوەی دوایین بەشی بەندی (1)ی ماددەی (38)ی ئەساسنامەی دادگای دادی نێودەوڵەتی، ئەوە دەردەکەوێ کە بۆچوونی یاسایی و بیروباوەڕی تیۆردارێژانی یاسای نێودەوڵەتی، وەک دکتۆرین و ئامرازێکی لاوەکی بۆ دیاریکردن و ناسینی چوارچێوەی یاسایی وەسفکراوە. (زارعی و پورهاشمی، 1396: 198) لەو ڕوانگەوە، دکتۆرینی جیابوونەوەی چارەسازیش وەک بۆچوونی یاسازانان لە کاتی کێشەی ناوخۆیی هەندێک وڵاتی وەک یۆگۆسلاڤیا لە دادگادا کاری پێکرا، بۆیە دەکرێ وەک عورفێک سەیربکرێت. لە بنەڕەتدا بناوانی ڕوانگەی جیابوونەوەی چارەساز بۆ تیۆری بەلژیکی (Belgian Thesis) لە ساڵی 1950دا دەگەڕێتەوە کە ڕیشەی لەناو مافی دیاریکردنی چارەنووس لە دۆخی داگیرنەکردندا هەیە. بەپێی ئەم تیۆرە هەر پێکهاتە و گرووپێک کە پەیوەندیی فەرهەنگییان بەیەکەوە هەبێت بە "گەل" دادەندرێن و ئەو گەلە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە و ئەگەر ڕێگرییان لێ بکرێت هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ دۆخی داگیرکردندا نییە و ستەمکردن لە پێکهاتەکان بە داگیرکاریی ناوخۆیی ناودەبات. (رهامی و بهمنی قاجار، 1399: 54)

**بابەتی سێیەم: مافی دیاریکردنی چارەنووسی ناوخۆیی و دەرەکی**

لە ناو یاسای نێودەوڵەتیدا دوو جۆرە خوێندنەوەی یاسایی بۆ مافی چارەنووس لە دۆخی داگیرنەکردندا دەکرێت؛ یەکیان، مافی دیاریکردنی چارەنووسە بە شێوەی ناوخۆیی، کە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بەدواداچوونی بۆ دەکرێت و تێیدا پێکهاتەیەک دەتوانێت لە ناو چوارچێوەی سنووری ناوخۆی دەوڵەتدا داوای نەهێشتنی جیاکاری لە لایەک و دەستەبەربوونی مافی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی خۆی لە لایەکی دیکە بکات. (عزیزی، 1387: 12) دووهەمیان، مافی دیاریکردنی چارەنووسە بە شێوەی دەرەکی، (Hilpold, 2009: 55) ئەمەش لە کاتێکدایە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە چوارچێوە و سنووری ناوخۆی دەوڵەت بگاتە بنبەست؛ لەو کاتەدا ئەو پێکهاتەیەی کە لەناو جوگرافیای تایبەتی خۆیدا هەموو تایبەتمەندی و مەرجی وەک شوناس، خاک، گوتاری هاوبەش، بینای مەدەنی، کلتوور و... هەن داوای جیابوونەوەی یەکلایەنە، دوولایەنە یان هەمەلایەنە دەکات. بە تایبەت ئەگەر پێکهاتەکە تووشی جینۆساید، جیاکاری و کارەساتی مرۆیی، وەک تاوانی جەنگی و پاکتاوکردن، بووبێت و هیچ ڕێچکە و میکانیزمێکیش بۆ چارەسەرکردن لە ناوخۆی دەوڵەتدا نەمێنێتەوە، ئەوا پێکهاتەکە دەتوانێت وەک قەرەبوویەک داوای جیابوونەوەی یەکلایەنە، وەک دوا ڕێچارە، بکات. ئەوەی لێرەدا هێشتا جێی مشتومڕە، زۆرجار مافی دیاریکردنی چارەنووس بە شێوازی دەرەکی، لە بەرانبەر بنەمای بونیادین و یاسایی ڕێزگرتن لە یەکپارچەیی وڵاتان و سنووری سیاسی - یاسایی دەوڵەتان دەپرینگێتەوە. لە خوێندنەوەیەکدا، مافی پاراستنی سنوور و سەروەریی وڵاتان تەنیا ڕوانگەیەکی دەرکی هەیە؛ واتە وەها ڕاڤەدەکرێت کە دەبێ دەوڵەتانی دیکە یەکپارچەیی و سنووری فەرمی و یاسایی وڵاتێکی دیکە بپارێزن. بەڵام ئەم بنەمایە بۆ کێشە ناوخۆییەکان گونجاو نییە، واتە

ئەگەر گرووپێکی ناوخۆیی تایبەتمەندی و مەرجی پێویستی تێدا بوو، وەک ڕێکارێکی چارەساز، بۆی (عزیزی، 1389: 217) هەروەک کۆزۆڤۆ کە پابەندی هەیە پابەندی یەکپارچەیی وڵات نەبێت.
یەکپارچەیی وڵات نەبوو و لەلایەن دادگاش پەسەندکرا. شایانی ئاماژەیە، لە دوای سەدەی بیستەم، لە ئاکامی گۆڕانکاریی مۆدێرن و پەیدابوونی چەمکی نوێ و خرۆشانی شەپۆلی وەک مافی مرۆڤ، دیموکراسی و گرنگیەتی نۆرمی هاوبەشی نێودەوڵەتی، چەند نموونەیەکی تایبەتی لە جیهان، وەک جیابوونەوەی کۆزۆڤۆ لە سربیا، بە پشتیوانیی تیۆر و لۆژیکی جیابوونەوەی چارەساز، بە مەبەستی قەرەبوو و پێشگری لە کارەساتی دیکەی دژەمرۆڤایەتی بە شێوەیەکی پراکتیکی ڕوویاندا کە لە ڕووی زانستی یاساییەوە جێی سەرنج و لێکۆڵینەوەن. لێرەدا، گرنگ ئەوەیە کە جیابوونەوە لە وڵاتێک بەبێ ڕەزامەندیی دەوڵەتی ناوەند و دیاریکردنی مافی چارەنووس بە شێوازی دەرەکی و بونیادنانی دەوڵەتێکی نوێ، توانیویەتی کۆڕاییەک لە دەورەی دکتۆرینێکی نوێ لەژێر ناوی جیابوونەوەی چارەساز لە ناو یاسای نێودەوڵەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، وەک ڕێکارێکی چارەکار، سازبکات. واتە ئەگەر تیۆری چارەسەرکردنی کێشە بە شێوەیەکی ئاشتیانە نەگەیشتە ئەنجام، بەپێی تیۆری جیابوونەوەی چارەساز، هێشتاش ڕەزامەندیی دەوڵەتی ناوەند لەبارەی جیابوونەوە یان جیانەبوونەی پێکهاتەیەک، بە بڕیاری کۆتایی و یەکلاکەرەوە دانانرێت.

**بابەتی چوارەم: بنەمای پاراستنی حاکمیەت و یەکپارچەیی دەوڵەتان**

لەناو یاسای نێودەوڵەتیدا، کە لەسەر بناغەی یەکسانی لە نێوان حاکمیەتی دەوڵەتان وەستاوە، یەکپارچەیی خاک گرنگی و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە. بۆیە دەربڕینی بۆچوون لەسەر ڕەوایەتی یان ناڕەوایەتیی جیابوونەوەی یەکلایەنەی بەشێک لە پێهاتەی ئەو وڵاتە پەیوەندی بەو سەنتێزەوە هەیە کە لە دیالیکتیکی نێوان ئەم دوو بنەمایە دروستدەبێت. (حبیبی و نواری، 1393: 98) لە خوێندنەوەیەکدا، مافی پاراستنی سنوور و سەروەریی وڵاتان ڕوانگەیەکی دەرکی هەیە؛ واتە وەها ڕاڤەدەکرێت کە دەوڵەتانی دیکە و هێزی دەرەکی دەبێ یەکپارچەیی و سنووری فەرمی و یاسایی دەوڵەتێکی دیکە بپارێزن، ئەم بنەمایە بۆ کێشە ناوخۆییەکان نییە و گرووپێکی ناوخۆیی کە مەرجی پێویستی تێدا بوو، وەک ڕێکارێکی چارەساز، دەتوانێت سنووری دەوڵەت بگۆڕێت و پابەندی یەکپارچەیی وڵات نەبێت. (عزیزی، 1389: 2017) بە تایبەتی ئەو سنوورە سیاسی و ناسروشتییانەی کە "تەنیا لە لایەن هێزێکی باڵادەست، بەبێ ڕەزامەندیی پێکهاتەیەکی لاواز، بە زۆر سەپاون". (مجتهدزاده، 1381: 45-49) بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە لە ئەنجامی سیاسەتی داگیرکارە کۆلۆنیالیستییەکان بە شێوەی دەستکرد دروستکراون و پێکهاتەی جۆراوجۆریان تێدایە و مافی ئەو پێکهاتانە خوراوە و هیوایەکیشیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا نەماوە، دەتوانن پابەندی یەکپارچەیی وڵاتەکە نەبن.

**تەوەرەی سێیەم: پێگەی دکتۆرینی جیابوونەوەی چارەساز لەناو یاسای نێودەوڵەتیدا**

بە هەستانی شەپۆلەکانی بەجیهانیبوون و شنەی دیموکراسی، کە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوە، گۆڕانێکی زۆر و خێرا لە ستراکچەر و کاری دەوڵەتانی جیهان، لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا، ڕوویداوە. بە تایبەتی لە ڕەهەندی نێودەوڵەتیدا، دروستبوونی قەیران و کێشەگەلێک لە واری جۆراوجۆردا بۆتە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتان و گرنگبوونی چەمکی حوکمڕانیی جیهانی، کە بەرژەوەندیی مرۆڤی لەبەرچاوە. ئەم گۆڕانکارییانە پانتایی سیستەمی یاسای نێودەوڵەتیشیان گرتۆتەوە. لەم دۆخەدا نیزامی یاسای جیهانی لە بەرانبەر یاسای نێودەوڵەتی دێتە بەرباس. (عباسی و کیانی، 1391: 153) لەم سەردەمەدا کۆمەڵگەیەکی جیهانیی وەها پێکهاتووە کە سیستەمی یاسایی پێشوو توانای وەڵامدانەوەی بۆ واقیعی ئێستا نییە، بۆیە ڕۆژانە لە گۆشە و کەناری جیهاندا بینەری قەیرانگەلێکین کە بەرەو کارەسات دەڕۆن. یەکێک لەو قەیرانانە قەیرانی سنوور و کێشەی خاک و پێکهاتەکانی ناو وڵاتانی فرەپێکهاتەیە، بە تایبەتی لەناو وڵاتانی جیهانی سێیەمدا. ئاراستەی ئەم ڕوانگەیە بەرەو گۆڕانی ڕیشە و پرەنسیپەکانی یاساییە. لە ئەنجامی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان یاسای

نێودەوڵەتی وەڵامدەری هەموو کێشەکانی مرۆڤ نییە، بۆیە هەڵوێستی نێودەوڵەتی هەمیشە لەسەر بنەمای یاسامەندی سەرکەوتوو نابێت و دەبێ هەندێک جار بەها نۆرمییەکان، کە لەسەر بنەمای ئەخلاق داندراون، لەبەرچاوبگیرێن. بەو نیگایە، هەر هەنگاوێک کە باش بێت، واتە "بەهای نۆرمی" و بەهای ئەخلاقی هەبێت بەبێ ئەوەی لە لایەن زۆربەی وڵاتان پەسەندبکرێت شیاوی جێبەجێکردنە. ئەم دیدگەیە بە بنەمای تیۆریی یاسای نێودەوڵەتی داناوە. (موسی زادە، 1395: Public Good"چاکەی گشتی" ( ) 267-266) یەکێک لەو بەهایانە پەیدابوونی دکتۆرینی جیابوونەوەی چارەسازە بە مەبەستی نەهێشتنی کێشە.

**بابەتی یەکەم: بەرجەستەبوونی جیابوونەوەی چارەساز لە ئەنجامی گەشەی سیستەمی یاسای نێودەوڵەتی**

لە ماوەی کاری کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و دادگای دایمیدا، کەشێکی ئەورووپاتەوەر بەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا زاڵبووە؛ دادگای دادی نێودەوڵەتیش بە پەیرەوی لەو کەشە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بە بیرێکی ئەورووپاییانە یاسای جێبەجێدەکرد. "دادگای هەمیشەیی دادی نێودەوڵەتی جگە لە دەسەڵاتی تەرافوعی، دەسەڵاتێکی دیکەشی هەیە کە پێیدەڵێن دەسەڵاتی ڕاوێژی ( Advisory Competence)، ئەم جۆرە دەسەڵاتە دامەزراوەیەکی ئەنگڵۆ-ئەمریکاییە کە چۆتە ناو میساقی کۆمەڵەی نەتەوەکان." (میرعباسی، 1391: 143-144) هەرچەندە زۆر لە دادوەرانیش غەیرە ئەورووپایی بوون، بەڵام چونکە لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا پێگەیشتبوون، بۆیە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی هزر و بیری ڕۆژئاوایی. لە پێش جەنگدا گرنگترین کاری دانانی یاسای نێودەوڵەتی حاکمیەتی دەوڵەت و وڵاتان و ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان وڵاتان بوو، کە نیشانەی دەسەڵاتی زۆربەی یاسازانانی ئەورووپای ڕۆژئاوا بوو؛ بەڵام دادگا بەرەو پەرەسەندن و گۆڕانی یاسای نێودەوڵەتی هەنگاوی نا. بۆ وێنە لە پرسی بیابانی ڕۆژئاوادا، دادگا، پرەنسیپی پاشماوەی یاسای ڕۆمای، واتە خاوەندارێتیی خاکی بێخاوەن، کە ئەورووپاییەکان وەک وڵاتی نوێی خۆیان دایاندەنا، ڕەتکردەوە. لە پرسی ئەفریقای باشووردا ئەگەرچی دادگا ڕوانگەیەکی پارێزکارانەی گرتەبەر، بەڵام دوای ڕەخنەی توند لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە تایبەتی وڵاتانی جیهانی سێیەم و یاسازانان، دادگا بە هەڵگەڕانەوە لە ڕای پۆزەتیڤیستیانەی خۆی ڕێگەی داهاتووی خۆی بەرەو لای پەرەسەندنی یاسای نێودەوڵەتی گرتەبەر. (حبیبی و شاملو، 1392: 94-98)

ئەگەر یاسای نەتەوەکانی کەونارا لە خزمەت ڕۆمای ئەو کاتدا بووبێت، یان یاسای نێودەوڵەتی ئەم دواییە لە خزمەت سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەی ئەورووپاییدا بێت، ئەوا سیستەمی نوێی یاسای جیهانی بۆ خزمەتکردن بە بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتی پێویستن بۆ ئەوەی لە خزمەت ئاشتیدا بێت. سیستەمی یاسای نێودەوڵەتی کە بەپێی پەیوەندیی نێوان وڵاتان و نیزامی وێستفالیایی[1] داندرابوو ئێستا بە کلیلی نیزامی حوکمڕانیی جیهانی تووشی گۆڕان بووە. ئەم جۆرە حوکمڕانییە سێ تایبەتمەندیی هەن، کە بریتین لە: 1) هەڵکشانی شێوازی بڕیاردان و دامەزراوەسازیی نێودەوڵەتی لە واری تەکنیکی و جێبەجێکاری؛ 2) میکانیزمی داسەپاندنی یاسای نێودەوڵەتی؛ 3) ڕۆڵی ڕووەو هەڵکشانی ئەکتەرانی نادەوڵەتی.

بەم چاوە ئەوە دەبینین کە زۆر لە وڵاتانی جیهان پێکهاتەگەلێکی کەمینەیان تێدایە، کە وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی بوونەتە هۆی دروستبوونی پرسگەلێک. یەکێک لەو پرسانە خواستی ئەو پێکهاتانەیە بۆ جیابوونەوە یان خۆسەری بەپێی بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس. ئەم خواستە لە دیدی بەشێک لە وڵاتی جیهان جێی پەسەند نییە، چونکە بە بۆچوونی ئەوان دەبێتە هۆی باڵکانیزەکردن و پارچەبوونی وڵاتان. بەڵام لەم سەردەمەدا چوارچێوە و نۆرمگەلێکی جیهانی وەک مافی مرۆڤ و پەیدابوونی ڕوانگەی وەک حوکمڕانیی جیهانی و بەجیهانیبوون دەسەڵاتی دەوڵەتانیان تا ڕادەیەک سنووردار کردووە. ڕەنگدانەوەی ئەم گۆڕانکارییە لە واری جیابوونەوەی یەک لایەنانەدا بە شێوەی مافی پشتیوانیکردن لە خەڵک لە بەرانبەر پێشێلکاریی بەرفراوان و بەردەوامی مافی بنەڕەتیی مرۆڤدا خۆدەنوێنێت. لەو ڕێگەیەوە هەندێک لە لایەنگرانی مافی مرۆڤ هەوڵیانداوە بە پشتیوانیکردن لە

گەلێک، کە لەلایەن دەوڵەتەکانی خۆیانەوە کەوتوونەتە ژێر ستەم، بە ڕەچاوکردنی مەرجگەلێک مافی جیابوونەوە لە دەوڵەتی ناوەند، وەک دوایین ڕێچارە، بناسرێت. (حبیبی و نواری، 1393: 99) لەم ڕووەوە، دکتۆرینی جیابوونەوەی چارەساز بە دوای بڵاوکردنەوەی ئەو ڕێدۆزەیە کە پێشێلکاری مافی مرۆڤ و نادیدەگرتنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە شێوەی ناوخۆیی بۆ بەشێک لە خەڵکی ناو دەوڵەتێک ببێتە هۆی ئەستاندنەوەی مافی یەکپارچەیی خاکی وڵاتان. لەو دۆخەدا ڕەهەندی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە شێوەی ناوخۆیی بۆ ڕەهەندی مافی چارەنووس بە شێوازی دەرەکی دەگۆڕێت و "ئەو گەلەی کە کەوتوونەتە ژێر ستەم دەتوانن، وەک قەرەبوو، مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بە ئامرازی جیابوونەوە لە خاکی دەوڵەتەکە جێبەجێبکەن." (حبیبی و نواری، 1393: 99)

**بابەتی دووەم: مەبنای یاسایی جیابوونەوەی چارەساز**

لە بنەڕەتدا، تیۆری جیابوونەوەی چارەساز لە نێوان یاسای سروشتی و یاسای پۆزەتیڤیستیدا وەک ڕێچارێکی عورفی و دواجار یاسایی دێتە ژمار؛ هەروەها وەک یاسایەکی سروشتی ڕیشەی لەناو ئازادییەکانی مرۆڤدایە. لە هەمان کاتدا چونکە شتێکی واقیعبین، ناوەهمی، ئیرادی، بابەتی-کۆمەڵایەتی، کارا، کاریگەر، ڕاست و بەسوودە و ئەزموونداویشە دەکرێ ماهییەتی چوارچێوەداری یاسایی پێبدرێت و ببێتە بنەمایەکی یاسای نێودەوڵەتی و بە ڕوانگەی مافی سروشتی و پۆزەتیڤیستی لێی بروانین. یاسای نێودەوڵەتی بە هۆی ماکی تایبەتی خۆی و شێوازی پێشکەوتنەکەی پێویستی بە شرۆڤە و چەمکی پەیوەندیدارە. لێرەدا ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری زانایانی یاسا بۆ پێشکەوتنی یاسای نێودەوڵەتی دیارە. (شهبازی و حاجی پور، 1397: 156) تیۆری جیابوونەوەی چارەسازیش یەکێکە لە بۆچوونی پێشکەوتووانەی یاسازانانی جیهان. لەوبارەوە پێلا (Alain Pellet)، کاسێسە، شاو (Malcolm Shaw)، ئومۆزیوورایک (Oji Umozurike)، ڤاتێل (Emmerich Vattel)، گرۆسیوس (Grotius Hugo)، سوزوکی (Suzuki Eisuke) و بووچهیت (Buchheit Lee) لە پێکهاتەیەکیان لە مافی جیابوونەوەی دۆخی سەختدا پەسەندکردووە. بە بۆچوونی تۆماس فرانک و ئاڵن پێلا و ئەبی سەعب (Georges Abi-Saab) یاسای نێودەوڵەتی لە بەرانبەر جیابوونەوەخوازیدا بێدەنگە، چونکە چوارچێوەیەک نییە کە جیابوونەوەی یەک لایەنە قەدەغەبکات یان ڕێگەی پێبدات. (آرش پور و شیرانی، 1393: 184) لەوبارەوە، چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەندی (4)ی ماددەی (2)دا داکۆکی لە ڕێزگرتن لە یەکپارچەیی وڵاتان دەکات و هاوتەریب لە بەندی (2)ی ماددەی (1) و ماددەی (55)یشدا مافی دیاریکردنی چارەنووسی داوەتە نەتەوەکان. لەوبارەوە جۆرج نالت دەڵێ: "چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی چەمکی جیابوونەوە لە هەندێک شوێندا جیابوونەوەی لەگەڵ ئاشتی و ئاسایش پەیوەند داوە." هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان لە شوێنی وەک تریست (Trieste) لە سنووری نێوان ئیتاڵیا و یۆگۆسلاڤیا (1947)، دروستکردنی ناوچەی نێودەوڵەتی لە فەڵەستین (1947)، ئۆپەراسیۆنی هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لیبیا (1947)، ئۆپەراسیۆنی پاراستنی ئاشتی لە ئەلسولادۆر، ئەنگۆلا و مۆزەمبیک پێشنەی هەیە. بۆیە فرانک بە نموونەهێنانەوە لە شێوازی جیابوونەوەی کۆزۆڤۆ دەڵێ: لەناو یاسای نێودەوڵەتیدا ئەو شتەی قەدەغە نەکرابێت واتە ڕێگەپێدراوە. (آرش پور و شیرانی، 1393: 184) لانی کەم دەکرێ بگوترێ، لەناو یاسای نێودەوڵەتیدا حوکمێک بۆ مافی جیابوونەوە و سەربەخۆیی پێکهاتەکان بە ڕاشکاوی نییە؛ واتە ئەم یاسایە نە ڕێگری لە سەربەخۆیی دەکات و نە بە شێوەیەکی دڵنیاش ڕێگەپێدەدات. بۆیە لەناو یاسای نێودەوڵەتیدا دەبێ زیاتر لە ناو چوارچێوە و یاسای عورفیدا بە دوای وەڵامێک بۆ جیابوونەوەی یەکلایەنە بگەڕێین. (ویسی چمە و ستاری، 1398: 134-132)

لە ڕووی یاساییەوە، بەڵگەی یاسازانانی نێودەوڵەتی لەبارەی مافی جیابوونەوەی چارەساز یان جیابوونەوەی قەرەبووئاسا شرۆڤەی چەمکی "مەرجی پاراستن" (قید تحفظ، Safeguard Clause) بوو کە لەناو پاراگرافی (7)ی بنەمای (5)ی بڕیارنامەی (2625)ی ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە

یەکگرتووەکاندا هاتووە و بەم شێوەیە لە پاراگرافی (2)ی بەشی (1)ی ڕاگەیندراوی ڤییەننا لە ساڵی 1993دا ئاماژەی پێکراوەتەوە. شایانی باسە بنەمای سەرەکیی ئەم تیۆرییە بەندی کۆتایی ڕاگەیێندراوی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتییە کە لە ئۆکتۆبەری 1970دا لە ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بناغەی ئەم دکتۆرینە لەناو بڕیارنامەی ژمارە پەسەندکراوە. (عبدالی و نیاکوئی، 1398: 711-710) (2625)ی ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە، لەژێر ناوی "بەیاننامەی بنەماکانی مافی نێونەتەوەیی لەبارەی پەیوەندیی دۆستانە و هاوکاریی نێوان دەوڵەتەکان بەپێی چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکان". ئەم بڕیارنامەیە لە پێنج بنەما پێکهاتووە؛ بەشی پێنجەمی تایبەتە بە مافی دیاریکردنی چارەنووس و دەستەواژەیەکی بە ناوی "مەرجی پارێزگاری" بۆ داندراوە، کە ئەم مەرجە بە جیابوونەوەی چارەساز لێکدەدرێتەوە. بە تایبەتی لە کاتێکدا کە دەوڵەتی ناوەند نەتوانێت نوێنەرایەتیی هەموو ئەو لایەن و پێکهاتانە بکات کە مەرجی جیابوونەوەیان تێدایە، ئەوا پێکهاتەکە، بە تیۆری جیابوونەوەی چارەساز کە نموونەی کارپێکراویشی لە جیهاندا هەیە، دەتوانێت یەکپارچەیی دەوڵەتی ناوەند بباتە ژێر پرسیار و تەنانەت سنووری دەوڵەتی ناوەندیش بگۆڕێت.

لە ڕووی زەمانەتی جێبەجێکردنی جیابوونەوەی چارەساز دەبێ بگوترێ کە، لە دوای دوو جەنگی جیهانیدا یاساگەلێک بۆ ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ داندراون. بەپێی پێکهاتننامەکانی نێودەوڵەتی ئەگەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ وەک تاوان بناسرێت، ئەوا زەمانەتی جێبەجێکردنی جیابوونەوەی چارەساز دەبێت. (ساکی، 1387: 102-103) بەپێی ماددەکانی (1)، (55) و (56)ی چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرسیارێتیی پێشخستن و هاندان بۆ مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی تاک لە ئەستۆی نەتەوە یەکگرتووەکانە و بەپێی ماددەی (3)ی چارتەر، ئەنجوومەنی ئاسایش بەرپرسی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتییە و بۆ جێبەجێکردنی بەشی حەوتەمی چارتەر، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرانبەر هەر جۆرە کارێک لە دژی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەتوانێت سزا بە سەر دەوڵەتاندا بسەپێنێت؛ بەپێی دۆخەکە ئەم سزایانە لە ئابلۆقەی ئابوورییەوە تا هێرشی سەربازی دەگرێتەوە. سیستەمی ئاسایشی گشتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی بەشی حەفتەمی چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکان (بەندی 4ی ماددەی 2) باسی ئەوە دەکات کە لە کاتێکدا کە پێشێلکردنی ئاشکرای مافی مرۆڤ ڕوودات ئەوا ئەنجوومەنی ئاسایش دەتوانێ بەپێی ماددەکانی (41 و 42)ی چارتەر دەستێوەردانی مرۆیی بگرێتەبەر. (رشیدی نژاد، 1386: 71) یەکێک لەو نموونانە دادگای دژەتاوان بوو لەبارەی دۆخی مافی مرۆڤ لە یۆگۆسلاڤیای پێشوو، کە تێیدا ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری (780)ی بۆ تاوتوێی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ دەرکرد، کە دواجار دادگای سزایی نێودەوڵەتی، بەپێی بڕیاری ژمارە (880)ی ئەنجوومەنی ئاسایش، لێکەوتەوە. (ساکی، 1387: 114-121)

**بابەتی چوارەم: ڕۆڵی عورف لەناو یاسای نێودەوڵەتیدا**

ئەگەرچی تیۆری "جیابوونەوەی چارەساز"، تا ڕادەیەکی زۆر هێشتا لەناو قالبی تیۆردا جێی باسە و جارێ بە تەواوی نەبۆتە شتێکی سەرەکی و نۆرمێکی یاسایی بەربڵاو و جیهانگیر، بەڵام لەسەر بنەمای بەندی (7)ی بڕیاری (2625)ی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ماددەکانی بەپێی بۆچوونی دادگای باڵای دادوەری نێودەوڵەتی گەیشتۆتە سنووری چوارچێوەی عورفی، بۆ ئەم پرسگەلە داهێندراوە و بە تایبەت لە کاتێکدا تۆخ دەبێتەوە کە دەوڵەتی ناوەند مافی چارەنووسی پێکهاتەیەکی مەرجدار، بە شێوەی ناوخۆیی، بە بەردەوامی نادیدە بگرێت، بۆیە پێکهاتەکە دەتوانێت بە جیابوونەوە لە ناوەند قەرەبووی پێشێلکردنی مافەکانی وەربگرێتەوە. (Glen, 2013: 354-355)

شایانی باسە، عورف ڕۆڵێکی سەرەکی لە دروستبوونی یاسای نێودەوڵەتی هەبووە و دەتوانین بڵێین تا ماوەیەکی دوورودرێژ یاسای نێودەوڵەتی ماهییەتێکی عورفی هەبووە. چوارچێوەی عورفی وەها لەگەڵ واقیعیەتی کۆمەڵایەتی تێکەڵبووە، کە ئەگەر گۆڕانێکی تێدا ڕووبدات چوارچێوەی عورفیی خۆی لەگەڵ دەگونجێنێت. لەو بارەوە پیتی (ب)یی بەندی (1)ی ماددەی (38)ی ئەساسنامەی دادگای دادی نێودەوڵەتی، عورفی نێودەوڵەتی وەک بۆچوونێکی گشتی، کە بە ماف دانراوە، بە سەرچاوەی یاسای

نێودەوڵەتی ناساندووە. لەم ڕووەوە، پرۆسەی شکڵگرتنی عورف بە یەکگریی نێوان دوو توخم پێکهاتووە؛ توخمی یەکەم، بریتییە لە دووپاتەبوونەوەی کارێک کە دەتوانین بە پێشینەی کارێکی دیکەی دابینێین و توخمی دووەم، هەست و باوەڕی کەسی پەیڕەوکاری یاسایە بۆ خۆلانەدان لەو کارە، چونکە بوونی هەڵوێستی بەردەوام و یەکگرتووانەی دەوڵەتەکان بۆ پەسەندکردنی یاسا ئەو شتە ئیلزامی دەکات. دکتۆرینی جیابوونەوەی چارەساز یان جیابوونەوەی قەرەبووئاسای بەشێک لە خەڵکی وڵاتێک لەو شوێنانەی کە هەلومەرجی پشتبەستن بە جیابوونەوەی چارەسازیان تێدایە، لە کاتێکدا کە دەوڵەتانیش باوەڕی یاساییانەیان بەم کارە هەبێت، دەتوانێت ببێتە چوارچێوەیەکی یاسای نێودەوڵەتیی عورفی. (حبیبی و نواری، 1393: 98-105) بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە دەوڵەتگەلێک پشتیوانیی خۆیان لە جیابوونەوەی چارەسازی کۆزۆڤۆ لە بەردەم دادگای نێودەوڵەتی دادوەریدا کردووە.

## تەوەرەی چوارەم: ڕای ڕاوێژیی دادگای دادی نێودەوڵەتی

لە دادگای دادی نێودەوڵەتیدا ڕاوێژ لەبارەی جیابوونەوەی پێکهاتەیەک لە وڵاتێکدا کراوە و بەرهەمیشی هەبووە، بە جۆرێک کە دوای ڕای ڕاوێژیی دادگا، بە مەبەستی جیابوونەوەی چارەساز، بەشێکی وڵاتێک گەیشتۆتە مافی دیاریکردنی چارەنووس بە شێوەی دەرەکی. بۆ نموونە، ڕای کۆمیسیۆنی یاسازانان لەبارەی سەربەخۆیی یەکلایەنە لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەسەر پرسی داواکاریی یەکلایەنەی دانیشتوانی دوورگەکانی ئالاند لە پاڵ ڕای دادگای باڵای کەنەدا لەسەر پرسی داواکاریی ویلایەتی کێبێک لە وڵاتی کەنەدا، لە ساڵی 1996، ئەو بەڵگانەن کە لەوبارەوە ڕێگەکەرەوەن. شایانی ئاماژەیە، لەبارەی جیابوونەوەی کێبێک دادگای باڵای کەنەدا ڕایگەیاند کە دەستووری کەنەدا مافی جیابوونەوەی یەکلایەنەناداتە کێبێک؛ چونکە کێبێک مافی چارەنووسی بە شێوەی ناوخۆیی پێدراوە. (مولایی، 1393: 28-29) بەڵام دادگای باڵای کەنەدا ئەوەی قەبووڵکردووە کە لە دۆخی سەختدا وەک دوایین ڕێگەچارە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک لە ڕەهەندی ناوخۆییەوە دەچێتە ڕەهەندی درەکی. (زمانی و نواری، 1394: 26) هەروەها ماددەی (1)ی پێکهاتننامەی مونتەڤیدۆ لە 26ی دێسەمبەری 1933 لەبارەی ماف و ئەرکی دەوڵەتان، بڕیارنامەی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان دەوڵەتان (1970)، بڕیارنامەی ئەنیستیتۆی یاسای نێودەوڵەتی لە ڤیزبادێن (1970)، ڕاوێژی دادگای دادی نێودەوڵەتی لە 1975 لەبارەی بیابانی ڕۆژئاوا، ماددەی (8)ی بەیانی مافی پێکهاتەی نەتەوەیی، قەومی، ئاینی و زمانی لە 1992ی ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەهەندەکانی ئەم پرسە ئاشکرا دەکات. لێرەدا ڕاوێژی 2010ی دادگای دادی نێودەوڵەتی لەبارەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کۆزۆڤۆ باسهەڵگرترین و نوێترین بەڵگە بوو لەسەر بابەتی ڕەوایەتیی جیابوونەوەی یەک لایەنە. (فاضل، 1390: 157- 171) ڕای ڕاوێژییانەی دادگای دادی نێودەوڵەتی لەبارەی جیابوونەوەی یەک لایەنانەی کۆزۆڤۆ دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، بۆیە لە پرسی دیکەشدا سیستەمی یاسای نێودەوڵەتی هەڵوێستێکی بێلایانەی هەیە و بێدەنگیی هەڵبژاردووە. لەبەر ئەوەی لە دیدی دادگای دادی نێودەوڵەتی «سنووری بنەمای یەکپارچەیی وڵات بەپێی دەسەڵاتی دەوڵەتەکان سنووردار ناکرێت»، لە ڕاستیدا ئەگەر تێکۆشان بۆ جیابوونەوە بەبێ دەستوەردانی دەرەکی بکرێت دادگا ئەم کارە بە پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتی نازانێت. (عبدالی و نیاکوئی، 1398: 723-722)

### بابەتی یەکەم: پراکتیکیبوونی دکتۆرینی جیابوونەوەی چارەساز

بە سەرنجدان بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، دەبینین کە بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە 51 ئەندام لە ساڵی 1945دا بۆ 149 ئەندام بەهۆی دەرکردنی داگیرکارە کۆڵۆنیاڵیستەکان بووە و زیاتربوونی دەوڵەتان لە 151 ئەندام لە ساڵی 1991دا بۆ 191 ئەندام بە شێوەیەکی گشتی بە هۆی جیابوونەوە بووە. (ضیایی، 1390: 236-233) دیارە پێشکەوتنی جیهان بۆتە هۆی ئەوەی یاسای نێودەوڵەتیش بە مەبەستی پێشخستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و پاراستنی مافی مرۆڤ بیر لە دکتۆرینی نوێ بکاتەوە و هەندێک لەو دکتۆرینانە بە شێوەیەکی پراکتیکی بەکاربێنێت کە لەوێشدا هەندێک دەوڵەتی دیکە لەدایکبوون. بەم شێوەیە هەندێک نۆرمی نوێش سەریانهەڵدا؛ ئەم نۆرمە

نوێیانە بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕن تا دەبنە عورف و نۆرمی ئیلزامی و هێزی یاسایی پەیدادەکەن. بنەجێبوونی نۆرم و دکتۆرینێک وەک یاسایەکی نێودەوڵەتیی دانپێدانراو وەک کارێکی لۆژیکی جێی پەسەند دەبێت. بە تایبەتی ئەگەر ئەم عورفە نێودەوڵەتییە کارپێکرا و سەرکەوتنی بەدەستهێنا وەک یاسا لێی دەڕواندرێت. یەکێک لەو نموونانەی کە پێشکەوتنی جیهان بۆ مافی مرۆڤی بەدیاری هێناوە خوێندنەوەیەکی نوێیە لە مافی دیاریکردنی چارەنووس و بەپراکتیککردنی ئەم مافەیە بە کلیلی دکتۆرینی جیابوونەوەی چارەساز کە لە هەندێک وڵاتدا جێبەجێکراوە، لەوانە: بەنگلادش، کرواتیا، کۆزۆڤۆ، بیابانی ڕۆژئاوا، نامیبیا، تەیمووری خۆرهەڵات، ئەریتریا، سوودانی باشوور، ئابخازیا، ئوستیای باشوور. (عزیزی، 1387: 21) هەروەها دەوڵەتی نوێی کۆزۆڤۆ جیابوونەوەی چارەسازی بە سەرکەوتوویی تاقیکردەوە و وەک واقیعێکی نێودەوڵەتیش ناسراوە. هەرچەندە بەشێک لە وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان دانیانپێنەناوە؛ یەکێک لەو وڵاتانە ڕووسیا بوو، بەڵام هەلومەرجی سیاسی وای کرد دوای ماوەیەک ڕووسیاش دانیپێدابنێ. هەروەها جیابوونەوەی چیک و سلۆڤینیا لە یەکتر، جیابوونەوەی بەنگلادیش لە پاکستان، جیابوونەوەی مونتیگرۆ لە سربیا و جیابوونەوەی ئەریتریا لە ئەسیووپیا بە نموونەی جیابوونەوەی سەرکەوتوو دادەندرێن. (ضیایی، 1390: 236-233)

**بابەتی دووەم: هەڵوێستی دەوڵەتان لە هەمبەر جیابوونەوەی چارەساز**

دەوڵەتانی جیهان بە سەرەکیترین سەرچاوەی یاسازیی نێودەوڵەتی دادەندران و ئێستاش، بە تێڕوانین بۆ ئاشتی و ئاسایشی جیهان و پاراستنی نەزمی نێودەوڵەتی ڕۆڵی دەوڵەتان وەک سەرچاوەیەکی گرنگی یاسای نێودەوڵەتی بەهەند دادەندرێت. لەبارەی مافی دیاریکردنی چارەنووس، دەوڵەتەکانی جیهان بۆچوونی جیاواز و تایبەت بە خۆیان هەیە، هۆی ئەم جیاوازییەش ئەوەیە کە هێشتا پێناسەیەکی یەکدەست لەبارەی ئەم مافە نەکراوە. لەوبارەوە لە کاتی گفتوگۆ سەبارەت بە دانانی چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکان دیدگەی بلووکی سۆسیالیستی و وڵاتانی جیهانی سێیەم لە یەکتر نزیکتر بوو، ئەوان مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بە سەربەخۆیی و دژەداگیرکاری دادەنا. بەڵام دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی ڕەهەندی ناوخۆیی مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بۆ گرنگ بوو. (هاشم پور، 1391: 7) باوەڕی دەوڵەتان لە هەمبەر ئیلزامیبوونی جیابوونەوەی چارەساز لە ڕاست باوەڕی یاسایی ئەم مافە دەردەکەوێت. بۆ وێنە، دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کۆزۆڤۆ، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبۆوە کە تێیدا لەناو دەوڵەتانی ئەندامدا سێ ڕوانگە دەبینران. یەکەم، ئەو دەوڵەتانەی کە سەربەخۆیی کۆزۆڤۆیان بە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی دادەنا، یەکێک لەوانە سربیا بوو. دووەم، هەندێک دەوڵەت بۆ چارەسەرکردنی کێشە خوازیاری گفتوگۆی سیاسی بوون. سێیەم، ئەو وڵاتانەی کە سەربەخۆیی کۆزۆڤۆیان بە فەرمی ناسی و هەندێکیش بەبێ لایەنی مانەوە. بە گشتی 11 دەوڵەت مافی جیابوونەوەی چارەسازیان دایە کۆزۆڤۆ. ڕوانگەی دەوڵەتەکانی ئەلبانیا، فنلەندا، ئۆردن و سویسرا لەهەمبەر پرسی دوورگەکانی ئالاند و ڕای دادگای باڵای کەنەدا بۆ پرسی کێبێک ئاماژەن بە ڕەواییبوونی جیابوونەوەی چارەساز. جێی ئاماژەیە، وڵاتگەلێکی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕووسیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا، سویسرا، هۆڵەندا، نەرویج، فنلەندا، ئیرلەندا، ئەلبانیا، پۆڵۆنیا، سلۆڤینیا، ئیستۆنیا و ئۆردن ڕای ئەرێنی خۆیان لەسەر جیابوونەوەی چارەساز داوەتە دادگا. (ڕەحامی، 1399 : 56 و عزیزی، 1387: 18) بە گشتی، جگە لە گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی جیهان، ئەم ڕەوتە عورفی و یاساییە و ئەم نموونە کارپێکراوانە و پەسەندکردنی لەلایەن دەوڵەتگەلێک ڕەوایەتی داوەتە جیابوونەوەی چارەساز.

## تەوەرەی پێنجەم: ڕەوتی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان

کوردستان وڵاتێکە کە لە ڕووی جوگرافییەوە لە نێوان چوار دەوڵەتی ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا هەڵکەوتووە. کورد هەموو توخمێکی وەک نەتەوەیەک هەیە کە بە کەمینە نایێتە هەژمار چونکە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لە دوای عەرەب، تورک و ئێرانی (دشنر، 2011: 12) یەکێکە لە چوار نەتەوە گەورەکان. (حاجییوسفی و سلطانینژاد، 1387: 202) ئەم وڵاتە لە ساڵی 1514ی زاینیدا، دوای

شکستی سەفەوی لە عوسمانی، لە شەڕی چاڵدێراندا کرایە دوو پارچە و بەشە گەورەکەی بەر عوسمانی کەوت. پێش ڕووخانی عوسمانی گرنگیی کوردستان بۆ داگیرکارە زلهێزەکان دەرکەوتبوو. (عەلیاوەیی، 2004: 191) دوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، ئیمپراتۆری عوسمانی شکا و ناوچە ژێردەستەکانی پێشووی بوونە چەندین دەوڵەتی ژێر دەستی زلهێزانی براوەی جەنگ. عێراقیش یەکێک بوو لەو وڵاتە نوێیانە کە کەوتە ژێر دەستی بەریتانیا، کە دانەری سیاسەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوین بوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە سەرەتای دروستبوونی عێراق، کوردی باشوور لە هەوڵی وەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەیی خۆی بووە.

**بابەتی یەکەم: بارودۆخی باشووری کوردستان لە چواچێوەی عێراقدا**

لە ساڵی 1916 بەپێی ڕێککەوتننامەیەکی نهێنی، بە ناوی سایکس-پیکۆ، وڵاتی عەرەبی و کوردی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لە نێوان بەریتانیا و فەڕەنسادا دابەشکرا. (عزیزی، «ب»1400: 98) دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، لەسەر ویلایەتی موسڵ، کێشە لە نێوان فەڕەنسا و بەریتانیا هەبوو؛ بەڵام دوای پەیمانێک لە نێوان بەریتانیا و تورکیا لە 1926 بۆ دیاریکردنی سنووری تورکیا و عێراق، موسڵ چووە ژێر سەرپەرشتیی بەریتانیا. شایانی وەبیرهێنانەوەیە، لە بنەڕەتدا باشووری کوردستان زیاتر بە هۆی سەرچاوە ژێرزەمینییەکانی بە دەوڵەتی نوێی عێراق لکێندرا (بیشیکچی، 1378: 107) و کوردیش هەر لە سەرەتاوە دژی ئەم کارەی داگیرکاران وەستایەوە. دواتر پەیمانی سیڤەر لە ساڵی 1920دا واژۆکرا و تێیدا وڵاتێکی سەربەخۆ لە نێوان سنوورەکانی تورکیا، سووریا و عێراق لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات و باشووری ئەرمینیا لەبەرچاوگیرابوو، بەو مەرجەی ئەگەر لە داهاتوودا ڕیفراندۆم بکرێت و کورد داوای سەربەخۆیی بکات، دوای ڕەزامەندیی کۆمەڵەی نەتەوەکان، دەبێ ئەم سەربەخۆییەیان پێبدرێت. لەوبارەوە ماددەکانی (62)، (63) و (64)ی پەیمانی سیڤەر لەسەر چۆنیەتیی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی و تایبەتمەندی و هەلومەرجە یاساییەکانی دواوە. پەیمانی سیڤەر زۆرجار لە لایەن کورد وەک بەڵگەیەکی دانپێدانان بە مافی نەتەوەیی خۆی لەناو یاسای نێودەوڵەتیدا دەخرێتەڕوو. بەڵام لە پەیمانی لۆزاندا ئەو مافە لە کورد ئەستێندرایەوە و کورد ناچار بوو لەگەڵ عێراقی مەلەکیدا بمێنێتەوە. لە 14ی تەمووزی 1958دا عەبدولکەریم قاسم بە کودەتایەکی سەربازی، بە پشتیوانیی یەکێتیی سۆڤیەت، گەیشتە دەسەڵات و لە 27ی تەمووزی هەمان ساڵدا لەناو دەستووری کاتی عێراقدا دانی بە مافی کوردنا؛ بەڵام زوو لە بەڵێنەکانی پاشگەز بووەوە. (دێشنەر، 1999: 186-188) دواتر کە حزبی بەعس دەسەڵاتی پەیداکرد بە گوێرەی ئایدۆلۆژیاکەیەوە دژی کورد بوو و تەنانەت خاکی کوردستانی بە بەشێکی نیشتیمانیی عەرەبی دادەنا. لەگەڵ ئەوەیدا کە مافی خۆبەڕێوەبردنی کورد لە دیدی بەعس شتێکی بێمانا بوو، بەڵام شۆڕشی ئەیلوول توانی لە ساڵی 1970دا، وەک دانپێدادانێکی مێژوویی، مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە حکوومەتی عێراق بستێنێت؛ بەڵگەنامەیەک کە لە "لایەن بارزانی و سەددام لە 1970/3/11دا واژۆکرا." (بارزانی، 2020: 43)

**بابەتی دووەم: گۆڕانی ژیۆپۆڵەتیکی ناوچەکە لە دوای شەڕی یەکەمی کەنداو**

هەر لە سەرەتای دروستبوونی عێراق ڕژێمی پاشایەتی دەستی بە تەعریبی کوردستان، بە تایبەتی لە ناوچەی کەرکووک، بە هۆی هەبوونی نەفتە بەرچاوەکەی، کرد. (جامباز و دزەیی، 2008: 64) لە کاتی شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفیددا خەڵکی سڤیلی کوردستان بۆمبەباران دەکرا. لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم تەعریبی کوردستان بە شێوەیەکی سیستەماتیک دەستپێکرد. دوای شۆڕشی ئەیلوول ڕژێمی بەعس سەدان گوندی کوردستانی وێرانکرد و "دەستی بە کوشتارێکی سیستەماتیکی گەلی کورد

عطار، 1382: 199) دەوڵەتی عێراق لە کرد و ناوچە کوردستانییەکانی تەعریب دەکرد". (شیخ ئۆپەراسیۆنێکی هەشت قۆناغیدا، بە ناوی ئەنفال، لەژێر ناوی دین، (عەبدە، 2010: 41) هەزاران کوردی ناوچەی گەرمیان و هەزاران کەسی بارزانی بەکۆمەڵ زیندەبەگۆڕ کرد (ڕەمەزان، 2011: 259). هەروەها ڕژێمی عێراق لە زنجیرە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا شاری هەڵەبجە، ناوچەکانی بادینان، بالیسان و شێخ وەسانی بە چەکی کیمیایی بۆمبەباران کرد، کە لە ئەنجامدا تەنیا لە شاری هەڵەبجە هەزاران کەسی سڤیل گیانیان لەدەستدا. ئەم ڕەفتارەی عێراق وایکرد کورد لە خەبات بۆ ئازادی بەردەوام بێت و لە هەلێکدا ڕاپەڕێت.

لە دوای بریاری (660)ی ئەنجوومەنی ئاسایش لە ساڵی 1990 کە تێیدا هێرشی عێراق بۆ سەر کوەیت ئیدانەکرا (گودبای، 1382: 173) و بووە هۆی شەڕی یەکەمی کەنداو، لە ساڵی 1991دا لە ئاکامی گۆڕانێکی ژیۆپۆلەتیکی باشووری کوردستان وەک ناوچەیەکی خۆبەڕێوەبەر دواتر، لە دوای شەڕی دووەمی کەنداو (2003) وەک ناوچەیەکی فیدراڵی (2005)، بە ڕوانگەی نەتەوەیی، لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا هاتەکایەوە. (حیدری و مجدی، 1386: 104) لە ڕاستیدا تاوانەکانی دەوڵەتی عێراق وایان کرد وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە دوای نەمانی شەڕی ساردا و هاتنەکایەی سیستەمی نێودەوڵەتیی تاکجەمسەری بریاری (688)ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە پێداگری فەرەنسا، (رندل، 1387: 82) بۆ پاراستنی بەشێکی باشووری کوردستان لە دوای کۆڕەوی گەلی کورد دەربچێت. ئەم پاراستنە بووە هۆی ئەوەی لە ساڵی 1992دا کوردستانی عێراق پەرلەمانی نیشتیمانی دابنێت و یەکەمین هەڵبژاردنی خۆی بکات و حکوومەتێکی ناوچەیی و خۆماڵی دابمەزرێنێت. جێی ئاماژەیە پەرلەمانی کوردستان لە 1992/10/22 بریاری ژمارە (22)ی دەرکرد و تێیدا فیدراڵبوونی کوردستانی ڕاگەیاند و تێیدا ئاماژە بەوە دراوە، کە لەم قۆناغەدا فیدراڵی و عێراقێکی دیموکراتیک لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ دەکرێت. (ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان، 1992) لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام و دەنگۆی بیناکردنی عێراقێکی نوێ بە بەرگی دێموکراسییەوە یەکێک لە میکانیزمەکان بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵیی بوو بە شێوەیەکی یاسایی. (مک داول، 1381) بەڵام ئەم سیستەمە بۆ عێراق سەرکەوتوو نەبووە، (ظاظا، 2011: 151) چونکە بە هۆی کێشەگەلێکی ناوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی ئەم سیستەمە ئامانجی خۆی نەپێکاوە و تەنانەت کێشە ناوخۆییەکان قووڵتریش بوونەتەوە. لە ساڵی 2005دا دەوڵەتی عێراق بە لاوازی هاتە سەر کار و دەستوورێکی کاتی ڕێکخرا و تێیدا بەناچار ڕۆڵ درایە هەموو پێکهاتەکانی عێراق. دواتر لە هەلی لاوازبوونی دەسەڵاتی نوێی عێراق دەستووری نوێ دوای دەنگدان پەسەندکرا. لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتی عێراق، وەک زۆر وڵاتی دیکەی خاوەن دەستوور، پابەندی جێبەجێکردنی هەموو ماددەکانی دەستوور نییە، (ازندریانی، 1388: 5) بۆ وێنە لەوکاتەوە تا ئێستا (2022) ماددەی 140ی دەستووری، سەبارەت بە پرسی کەرکووک، جێبەجێنەکردووە (احمد، 2011: 131- 142) لە کاتێکدا بەپێی ئەم ماددە دەستوورییە دەبووایە ئەم ناوچانەی کە کێشەیان لەسەرە دوای نەهێشتنی شوێنەواری تەعریب و ئەنجامدانی سەرژمێری، گشتپرسیان تێدا بکرێت بۆ ئەوەی خەڵکی ئەوێ بریار لە چارەنووسی خۆیان بدەن. (کرمزادە، 1401: 946) بەڵام تا ئێستا (2022) ئەم کارە جێبەجێنەکراوە و ئەمەش بۆتە هۆی سەرچاوەی سەرەکیی کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و کێشەکە بە کێشەیەکی هەرێمی و نێودەوڵەتیش بووە.

**بابەتی سێیەم: مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لە عێراق**

لە کاتێکدا بەپێی چواردە بەندی ڕاگەیێندراوی ویڵسن (1918) و چارتەری ئەتلانتیک (1941) و ڕاگەیێندراوی یالتا (1945) بە گەڕانەوە بۆ بەندی (2)ی ماددەی (1)ی چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکان و ماددەی (1)ی میساقی مافی مرۆڤ کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی داوەتە نەتەوەکان، کوردیش مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە، بەڵام تا ئێستا ئەم مافەی پێشێلکراوە. کاتێک ئەم مافە بۆ سەردەمی داگیرکاریی کۆڵۆنیالیزم سنووردار دەکرێت و مەبەست لێی دابینکردنی

مافی پێکهاتەکانە لە چوارچێوەی ناوخۆی دەوڵەتدا، دەبێ بزانین کە ئایا دەوڵەتی ناوەندی نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی ناو عێراق دەکات یان نا. چونکە مەشرووعیەتی دەوڵەت و مەرجی پاراستنی بنەمای دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆ و پاراستنی یەکپارچەیی و حاکمیەتی عێراق بەندە بە پێشێلنەکردنی مافی پێکهاتەکان، بە تایبەتی نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی خۆوڵاتی و خاوەنی خەڵک و خاک و شوناس و کلتووری سەربەخۆ و شارستانیەتی جیا لە عەرەب نابێ مافەکانی پێشێلبکرێت و تەنانەت بەپێی دێباچەی دەستووری نوێی عێراق، مەرجی مانەوەی یەکپارچەیی عێراق پابەندبوونە بە دەستوور و هەر ئەم مەرجەش وایکرد کورد دەنگ بە دەستوور بدات. (بارزانی، 2020: 49) لە دوای ڕووخانی سەددام کورد بەوە ڕازیبوو، کە لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵی لەناو عێراقدا بە مەرجی هاوبەشییەکی ڕاستەقینە بمێنێتەوە، بەڵام دوای بەهێزبوونەوەی عێراق دەستووری عێراق نادیدە گیراوە و ئێستا وەک پێویست کاری پێناکرێت، ئەمەش پێوەرێکە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە دەوڵەتی ناوەند نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی ناو عێراق ناکات. بۆیە کورد ناچار بوو لە چوارچێوەی ڕێفراندۆمی سەربەخۆییخوازیدا لە 2017/9/25 بیر لە جیابوونەوە و مافی دیاریکردنی چارەنووس بە شێوەی دەرەکی بکاتەوە. بەڵام دادگای باڵای ئیتیحادی ئەم ڕێفراندۆمەی بە نایاسایی دانا، کە ئەمەش ئاساییە، چونکە هیچ وڵاتێک نایەوێ بەشێکی خاکی لێ جیابێتەوە. دواتر دەوڵەتی عێراق هێرشی بۆ سەر کورد هێنایەوە و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانی تەعریب کردەوە. ئەم ستەمەش ڕەوایەتیی جیابوونەوەی کوردی بە مەبەستی چارەکردنی کێشە لە عێراق زەقتر کردووە.

**بابەتی چوارەم: دۆخی کورد لە ئەنجامی سیاسەتی داگیرکاریدا**

جگە لەوەی دروستبوونی عێراق بەرهەمی سیاسەتی زلهێزانی داگیرکارە و کورد بەبێ ئەوەی ستەمیشی لێبکرێت مافی سەربەخۆیی خۆی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستاش دەرئەنجامی داگیرکاری و سیاسەتی کۆلۆنیاڵیزم لە خۆرهەڵاتی ناوین وایکردووە نەتەوەی کورد لەناو عێراقدا مافی پێشێلبکرێت و تووشی داگیرکاریی ناوخۆیی بێتەوە. بەپێی تیۆری جیابوونەوەی چارەساز ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی ڕێگری لە بەشداریی خەڵک بۆ کاروباری وڵات بکات، ئەم کارە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ داگیرکاریدا نییە و لە دەرئەنجامدا خەڵکی ژێرستەم، وەک سەردەمی داگیرکاری، مافی جیابوونەوەیان هەیە. بە واتایەک، لە ڕوانگەی "تیۆری بەلژیکا" کورد نموونەی ئەو گەلەن کە کەوتوونەتە ژێر چەپۆکی داگیرکاریی ناوخۆیی. (ابراهیم گل و کریمی، 1394: 7) لەسەرەتاشەوە، لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، کە واتای مافی دیاریکردنی چارەنووس گۆڕا و بە مانای ڕەهابوون لە دەستی داگیرکاری دەهات، بەوپێیەی کە کوردستانیش داگیرکرابوو و مامەڵەی بەریتانیا و فەڕەنسای لەسەر دەکرا، کورد وەک مافێکی مرۆیی بەپێی بڕیارنامەی (1514)ی ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەژێر ناوی «ڕاگەیێندراوی پێدانی سەربەخۆیی بە نەتەوە و وڵاتانی داگیرکراو» و بڕیارنامەی (2625)ی ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەژێر ناوی «ڕاگەیێندراوی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی لەبارەی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان نەتەوەکان» مافی ئەوەی هەبوو بۆ ڕەهایی لە داگیربوون و پارچەبوونی خاکەکەی دژی سیاسەتی کۆلۆنیاڵیزم بوەستێتەوە و چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی دیارییکات. لە کاتێکدا بەپێی ماددەی (3)ی بڕیاری (1514)ی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی وڵاتانی داگیرکراو (1960) هاتووە کە تەنانەت ئامادەنەبوونی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی یان فێرکاری نابێ ببێتە هۆیەک بۆ دواخستنی سەربەخۆیی وڵاتانی داگیرکراوی دەستی کۆلۆنیاڵیزم. (کرمزاده و دیگران، 1401: 945)

## تەوەرەی شەشەم: ڕەوابوونی جیابوونەوەی کورد لە عێراق

سەربەخۆیی و جیابوونەوەی کورد لە عێراق وەک نەتەوەیەکی خاک داگیرکراو، لەگەڵ پایەیەکی سەرەکی یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ، کە لە بەندی (2)ی ماددەی (1)، ماددەی (73) و ماددەی (76)ی چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، گونجاوە. لە لایەکی دیکە، لەناو یاسای نێودەوڵەتیدا بۆچوونی دەوڵەتانی پەرەنەسەندوو، کە کێشەی ناوخۆییان زۆرە، وەک بۆچوونی دەوڵەتە

پەرەسەندووەکان بە یەک چاو سەیرناکرێت. (شهبازی و جوادی شریف، 1392: 57) بە واتایەک، ئەوە ئاشکرایە کە لە وڵاتانی پەرەنەسەندوودا مافی مرۆڤ وەک وڵاتانی پەرەسەندوو ڕەچاوناکرێت تاکوو بۆچوونیان لە دیدی یاسای نێودەوڵەتی وەک یەک هەژماربکرێت. کەواتە کورد وەک ئەکتەرێکی کاریگەر لە ناوچەکە، کە کەوتوتە ناو چوارچێوەی دەوڵەتێکی پەرەنەسەندووی جیهانی سێیەم، دەتوانێت، بە ڕەچاوکردنی تیۆری گرنگ نەبوونی ڕەزامەندیی دەوڵەتی پەرەنەسەندووی عێراق، زیاتر کار لەسەر مافی چارەنووسی خۆی بکات.

**بابەتی یەکەم: دیدگەی یاسایی بۆ جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان**

بەو تێگەیشتنەی کە یاسای نێودەوڵەتی ڕا و بۆچوونێکی ڕوونی بۆ جیابوونەوە یان ڕێگری لە جیابوونەوە نییە و بەو نیگایە کە هەرێمی کوردستان کێشەی لەگەڵ ناوەند هەیە و ناوەند هیچ کات حەز بە جیابوونەوەی کورد ناکات، ئەگەر کورد لە باشووری کوردستان مەرجەکانی دروستبوونی دەوڵەتی هەبێت، و بتوانێ دیفاکتۆیەک بێنێتە ئارا، لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتی بڕیاردان لە چارەنووسی بۆ ئاسانتر دەبێت. بەپێی بۆچوونی بەشێک لە زانایانی بواری یاسا، مافی دیاریکردنی چارەنووس تەنها بۆ ئەو پێکهاتانەیە کە لەژێر دەستی داگیرکاراندان؛ ئەگەر بەم پێوەرەش بێت باشووری کوردستان بەپێی نەخشەی زلهێزانی داگیرکار دراوەتە دەوڵەتی نوێی عێراق، کەواتە کوردستان وەک خاکێکی داگیرکراو دێتە ژمار. لەوبارەوە دەتوانین نموونە بە کۆماری بالتیک بێنینەوە کە لە لایەن یەکێتیی سۆڤیەت داگیرکرابوو و دواتر وەک وڵاتێکی سەربەخۆ جیا بۆوە. (آریا عزیری، 1396: 85) بەپێی لێکدانەوەی فرانک، ئالێن و ئەبی سەعب ئەگەرچی بنەمایەک بۆ جیابوونەوەی یەکلایەنە لە دەرەوەی دۆخی داگیرکاریدا، لەناو یاسای نێودەوڵەتیدا، نییە، بەڵام بەو واتایەش دێت کە جیابوونەوە قەدەغە نییە. بەو واتایە، ئەگەر دەوڵەتی عێراق ڕێگری لە جیابوونەوەی یەکلایەنەی کورد بکات، بەڵێنێکی پێشێلنەکردووە، بە هەمان شێوە، ئەگەر کوردیش بتوانێت لە عێراق جیابێتەوە هیچ بەڵێنێکی نێودەوڵەتی پێشێلنەکردووە، چونکە جیابوونەوە لەناو یاسای نێودەوڵەتیدا قەدەغەنەکراوە. لێرەدا بنەمای پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتان بۆ دەوڵەتی عێراق بەم شێوەیە شرۆڤەدەکرێت، کە دەوڵەتێکی دیکە بۆی نییە زیان بە حاکمیەتی عێراق بگەیێنێت و دەوڵەتی عێراقیش نابێ بە بیانووی بنەمای پاراستنی حاکمیەت و یەکپارچەیی خاکی دەوڵەت چارەنووسی خەڵکی وڵاتەکەی بگۆڕێت. واتە ئەگەر جیابوونەوەی بەشێک لە خاک بە دەستدرێژیی دەوڵەتێکی دیکە بکرێت، ئەم کارە پێشێلکردنی بەندی (4)ی ماددەی (2)ی چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکانە؛ بەڵام ئەگەر جیابوونەوە لە دەرئەنجامی کێشەی ناوخۆیی بێت، ئەوا نابێتە پێشێلکردنی ئەو بنەما نێودەوڵەتییە، چونکە کورد پابەند نییە بە بنەمای پاراستنی یەکپارچەیی عێراق. بە بڕوای ئەبی سەعب، پێلا و شاو، "ئەگەر بەشێک لە وڵات جیابێتەوە و ئەو بەشە خۆی خاوەنی سێ پێکهاتەی حکوومەت، ڕێژەی دانیشتوان و خاک بێت دەتوانێ ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و تەنیا مەرجی پێویست بۆ ئەم جیابوونەوە ئەوەیە کە ئەم بەشە «کاریگەری» هەبێت" لەو بارەوە، پێلا لە دانپێنەنان بە جیابوونەوەی شوێنی وەک چیچان هۆیەکەی بۆ نەبوونی کاریگەریی دەگێڕێتەوە. (آریا عزیری، 1396: 87) لەو ڕوانگەیەوە، هەرێمی کوردستان نەک هەر هەموو پێکهاتەیەکی سەربەخۆبوونی تێدایە، بەڵکوو وەک هەرێمێک کاریگەریی خۆی لەسەر دۆخی سیاسی، ئابووری و ئاسایشیی ناوچەکەش داناوە. هەروەها لە ڕووی دەقە یاساییەکانیش کورد خاڵی جیاوازی لەگەڵ عێراقدا هەیە. هەروەک ئەو جیاوازییە یاساییانەی کە ئالزاس و لۆرن لەگەڵ فەرەنسادا هەیانە، (الماسی، 1384: 29-30) لە دێباچەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانیشدا ئاماژە بەوە کراوە کە «...باشووری کوردستان بەشێک نەبووە لە عێراق...». (ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان، 2006: 4) لێرەدا پێویستە بگوترێ، ئەگەر ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان هێزی یاسایشی نەبێت نیشانەی ئەوەیە کە بەپێی جیاوازیی کلتووری ئیرادەی ئەوە هەیە یاساکانی هەرێمی کوردستان لە داهاتووشدا جیاوازییان لەگەڵ یاساکانی عێراقدا هەبێت. هەروەها ئەگەر سیاسەتی کۆلۆنیالیستی و بەرنامەی داگیرکاریی زلهێزان بە ڕووداوێکی مێژوویی دابندرێت و دۆخی باشووری کوردستان بە دۆخێکی داگیرنەکردنیش لەقەڵەمبدرێت، بە حاڵەشەوە، ئەوە سەلماوە کە مافی بنەڕەتیی گەلی کوردستان لە لایەن ناوەندەوە بە بەردەوامی پێشێلدەکرێت و ئومێدێکیش بۆ باشتربوونی دەوڵەتی عێراق نییە کە ببێتە

وڵاتێکی دیموکراتیک. بۆیە بە دکتۆرینی مافی ڕەوای جیابوونەوە و جیابوونەوەی چارەساز کورد دەتوانێ بەرەو جیابوونەوە بڕوات. بە تایبەتی بە سەرنجدان لە پێوەرەکانی ناو پێکهاتننامەی مونتەڤیدیۆ (1933)، کە مەرجی وەک دانیشتووی بەردەوام، خاک و سنووری دیاریکراو، حکوومەت و توانای هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکە، کە کورد هەر چوار پێوەری بە شێوەیەکی بەهێز تێدایە و بەهۆی ئەوەی کە کورد جۆرە فیدالییەکی تایبەت بەخۆی هەیە، حکوومەتی ناوەندی دەسەڵاتێکی وەهای بە سەر هەرێمی کوردستانەوە نییە و بەپێی دەستوور ئەم هەرێمە بە فەرمی ناسراوە و دەتوانێت دەستووری تایبەت بە خۆی هەبێت و سەرچاوەی داهات و هێزی پێشمەرگەی خۆی هەیە کە توانیویەتی ئاسایشی خۆی لەناو عێراقێکی نائەهوەندا بپارێزێت، کەواتە کورد مافی سەربەخۆیی خۆی هەیە. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە وێڕای هەبوونی خاڵی لاواز و کەموکورتییەکان، هەرێمی کوردستان وەک نموونەیەکی دێموکراسی لە خۆرهەڵاتی ناویندا جێی سەرنجە. گرنگیی ئەم دیموکراسییە لەوەدایە کە لە تیۆری جیابوونەوەی چارەسازدا ئەوە بە گرنگدانراوە کە پێکهاتەی سەربەخۆییخواز بتوانێ مافی پێکهاتەکانی دیکە لە ناوخۆیدا بپارێزێت. نموونەی لەوبارەوە سوودانە؛ سوودان لە 1956دا سەربەخۆیی وەرگرت، بەڵام بەهۆی سەرنەکەوتنیان لە پەرەسەندنی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی و لاوازیی ئیداری تا نیوسەدە ناسەقامگیر بوو و ئەمجارە دووبارە شەپۆلی دووەمی مافی دیاریکردنی چارەنووسی تاقیکردەوە. (مولایی، 1393: 28)

**بابەتی دووەم: لاوازبوونی مافی یەکپارچەیی خاکی عێراق**

بەپێی ڕاڤەی سەردەم بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس لەناو یاسای نێودەوڵەتیدا، کە بنەمایەکی فەرمانییە بۆ مافی مرۆڤ، مافی مرۆڤ لە لایەن عێراقەوە پێشێلکراوە و لە بەرانبەریشیدا بەرپرسیار دەبێت. کاتێک هەلومەرج واقعێکی وەک دۆخی کورد بسەپێنێت و کورد مەرجەکانی جیابوونەوەی تێدا بێت، دەتوانێت داوای مافی جیابوونەوەی یەک لایەنە بکات و بەپێی دکتۆرینی جیابوونەوەی چارەساز ئەگەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن ناوەندەوە ببینرێ نابێ یاسای نێودەوڵەتی پشتیوانی لە یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتی حاکم بکات. لەم دۆخەدا بنەمای دیاریکردنی چارەنووس وەک سەردەمی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم پێناسەناکرێت، بەڵکوو بەپێی پێشکەوتنی ئێستا بە چاویلکەی مافی مرۆڤ دەبیندرێ، کە یەکێکە لەسەرەکیترین بنەمای یاسای نێودەوڵەتی. لە لایەکی دیکە، مافی یەکپارچەیی دەوڵەتی عێراق دێتە ئارا کە بنەمایەکی گرنگی یاسای نێودەوڵەتییە. پاراستنی ئەم بنەمایە پەیوەندیی بە بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس و مافی مرۆڤەوە هەیە. لەم بارەوە کورد دەتوانێت پشت بە بڕیاری ژمارە (2625)ی ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ببەستێت. لە ڕوانگەی مافی نەتەوەییشەوە سنووری فەرهەنگیی نەتەوەی کورد بە بەڵگەی مێژووییەوە دیارە و کورد هیچ جۆرە مێژوو و سنوورێکی جوگرافیی هاوبەشی لەگەڵ عێراقدا نییە. کورد کە ڕێژەی دانیشتووی بەردەوام و بەرچاوی هەیە، خاکی دیاریکراوی خۆی هەیە و گوتاری هاوبەش و حکوومەتێکی خۆجێیی ئەزموونداری هەیە، دەتوانێت پشت بە بڕیاری (1514)ی ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس لە دژی نادادپەروەری و جیاکاری، ببەستێت. بەو نیگایەی کە یاسای نێودەوڵەتی لە پێشکەوتندایە و ئەم پێشکەوتنەش لە بەرژەوەندیی مافی مرۆڤدایە، کورد دەتوانێ بە یاسای نێودەوڵەتی لە داهاتوودا، بە تایبەت لە کاتی دروستبوونی پشتیوانیی سیاسی و گۆڕانکارییە سیاسییەکان، لە ناوچەکەدا خۆشبین بێت. شایانی باسە، تەنانەت گۆڕانی کۆمەڵایەتیش دەتوانێ کاریگەریی لەسەر عورفی نێودەوڵەتی دابنێت، کاتێک جیابوونەوەی چارەساز، بەبێ پابەندی بە یەکپارچەیی خاک، لە چەند شوێنێکی جیهاندا کارپێکراوە دەکرێ وەک عورفێکی نێودەوڵەتی سەیربکرێت و کورد پشتیپێببەستێت. بە تایبەتی دوای ئەوەی کە ڕوون بۆوە سیستەمی یاسای نێودەوڵەتی بە شێوازی کۆن نەیتوانیوە بە گوێرەی واقیع ئاسایش و ئاشتی لە عێراقدا دابینبکات و تەنانەت لە پەنا بنەمای پاراستنی یەکپارچەیی دەوڵەت و گرنگتربوونی دەوڵەت لە مافی مرۆڤ، لە عێراق نەهاتە ئارا و عێراق نەیتوانی مافی بنەڕەتیی Good Governanceحوکمڕانییەکی باش ( ) مرۆڤ بپارێزێت، کێشەی خاک و پێکهاتە نەتەوەییەکانیش ئاڵۆز و مەترسیدارتر بووە، ئەوا پابەندی بە

یەکپارچەیی عێراق لاواز دەبێت. هەروەها لە ڕووی واقیعیش، ئێستا کە هەرێمی کوردستان وەک ئەکتەرێکی کاریگەر ڕۆڵی پتری لەسەر ئاسایشی ناوخۆی وڵات و ناوچەکە هەیە دەتوانێ هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانیی ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی داوای مافی خۆی بکات.

**بابەتی سێیەم: مەرجی سەربەخۆیی کوردستان بەپێی تیۆری جیابوونەوەی چارەساز**

عێراق هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە بە دەوڵەتێکی لاواز و ناکارا دانراوە و لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش هەروا دەوڵەتێکی ڕووخەک و ناتەندروستی هەیە. لەوناوەدا کورد لە مافی چارەنووسی ناوخۆیی و دەرەکی بەری کراوە. ئەگەرچی دەستووری نوێی عێراق (2005) لە دێباچەدا دەڵێ: «ئێمەی گەلی عێراق بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە بە تەواوی ویستی خۆمان بە ئازادانە و ئارەزوومەندانە بڕیاری یەکگرتنی ئارەزوومەندانەمان داوە...» (دەستوور جمهورية العراق، 2005: 8) و لە ماددەی یەکەمیدا بە ڕوونی ئاماژەی بەوە کردووە، کە «کۆماری عێراق وڵاتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەرییە کە سیستەمی حکوومەتییەکەی کۆماری پەرلەمانی دیموکراتیک و فیدڕاڵییە و ئەم دەستوورە گەرەنتیی یەکێتیی عێراقە» (دەستوور جمهورية العراق، 2005: 9) ئەم یاسایەش ئەو واتایە دەگەیێنێت کە ئەگەر پابەندی بە دیموکراسی نەما و مافی پێکهاتەیەک پێشێلکرا، ئەو لایەنە ڕەزامەندیی پێشەکی بۆ جیابوونەوە هەیە، واتە "جیابوونەوە بەپێی یاسای ناوخۆیی وڵات ڕێگەپێدراوە"، (Krueger, 2009: 122) بەپێی ئەو مەرجانەی کە بۆ جیابوونەوەی چارەساز پێویستن هەرێمی کوردستان زۆربەی پارامێتر و مەرجەکانی، وەک حاشاکردن لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لە ناوخۆی عێراق، پێشێلکردنی سیستەماتیکی مافی بنەڕەتی گەلی کورد، گرێدراوێتیی گەلی کورد بە خاکی خۆی و هەبوونی کلتوور و نەژادی سەربەخۆی کورد، گونجاوبوونی چەمکی گەل بۆ کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆییخواز، تێپەڕاندنی قۆناغی گفتوگۆ و کێشەی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە ناوخۆی عێراقدا و مەرجی دەوڵەتسازیی تێدا هەیە و ئەوە ئەزموونداروە کە خەڵکی باشووری کوردستان بە ئەزموونێکی ناخۆشدا تێپەڕیون و ئاسۆی وەدیهاتنی مافەکانی کورد و پەرەسەندنی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا هیوابڕە، بۆیە وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز، بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە هەمیشە گەیشتوونەتە قۆناغی کارەساتی گەورە، جیابێتەوە.

**ئەنجام**

لە ئاست گریمانەی ئەم توێژینەوەیەدا، بەو پێیەی کە تیۆری جیابوونەوەی چارەساز، وەک میکانیزمێکی ئەزموونداراو، ڕای ڕاوێژی لە دادگای دادی نێودەوڵەتی بۆ دەرچووە و وڵاتگەلێک بەم دکتۆرینە جیابوونەتەوە و بەشێک لە وڵاتانی زلهێز و وڵاتانی دیکەی جیهان ئەم جۆرە جیابوونەوەیان پەسەندکردووە، ئەم تیۆرە وەک عورفێک دەکرێ ببێتە یاسایەکی نێودەوڵەتی. ئەگەرچی جیابوونەوەی چارەساز لە قالبی تیۆریدا کاری فرەی گەرەکە و هێشتا جێی شەنوکەوە؛ هەروەها وەک بنەمایەکی نێودەوڵەتیش مشتومڕی لەسەرە و تەنانەت بە شێوەیەکی بەربڵاو بنەجێ نەبووە، بەڵام وەک ئەزموون و عورفێک جێی ڕامانە. ئاشکرایە کە زۆر لە وڵاتان بە هۆکاری سیاسی نایانەوێ ئەم تیۆرییە ببێتە نۆرم و عورفێکی یاسای نێودەوڵەتیی گشتگیر، بەڵام لە دوای سەدەی بیستەم و گوتاری زاڵی مۆدێرنیتە و شەپۆلی بەجیهانبووندا، تیۆری جیابوونەوەی چارەساز وەک دکتۆرینێک توانیویەتی لە بەرانبەر بنەمای پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتاندا بوەستێتەوە و ببێتە عورفێکی یاسایی. بەم کلیلە چەندین وڵاتی وەک کۆزۆڤۆ و ئابخازیا توانییان وەک دوایین ڕێکار لە دەوڵەتی ناوەند جودابینەوە و بگەنە مافی سەربەخۆیی.

دوای خوێندنەوەی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس و بنەمای پاراستنی یەکپارچەیی دەوڵەتان لەناو یاسای نێودەوڵەتیدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مافی مرۆڤ گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە و بە بنەمایەکی سەرەکی دادەندرێت؛ بۆیە مافی جیابوونەوەی چارەساز بە دیدێکی مرۆڤتەوەرانە لەو وڵاتانەدا جێبەجێکراوە کە مافی مرۆڤی تێدا پێشێلکراوە. بە واتایەک، لەم سەردەمەدا مافی دیاریکردنی چارەنووس بە شێوەی دەرەکی لە پێناسەی کۆنی خۆی دوورکەوتوتەوە و لە دۆخی

داگیرکاری ناوخۆیی و جینۆسایدا بە کلیلی چارەساز دانراوە و لە چەندین وڵاتدا جێبەجێکراوە بۆیە دەکرێ وەک عورفێک بە میکانیزمێکی یاسایی دابندرێت. چونکە دادگاکانیش بەهەندیان داناوە، بە تایبەتی دادگای دادی نێودەوڵەتی وەک ڕوکنێکی سەرەکیی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕای ڕاوێژیی لەوبارەوە دەرکردووە. هەروەها دیدگەی دەوڵەتانی جیهان لەبارەی جیابوونەوەی چارەساز و دانپێدانیان بۆ ئەو وڵاتانەی کە بەم دکتۆرینە جیابوونەتەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەم تیۆرە توانای جێبەجێکردنی هەیە و دەکرێ قالبی یاسایی وەربگرێت.

بە ڕوانگەی مافی ڕەوای جیابوونەوە، خەڵکی باشووری کوردستان وەک نەتەوەیەکی جیاواز و خاوەن خاک بەبێ ستەمی دەوڵەتی عێراقیش تەنها بەپێی هەمەپرسی مافی سەربەخۆیی هەیە. بە ڕوانگەی تیۆری جیابوونەوەی چارەساز، بەپێی دۆخی جوگرافی، مێژوویی، سیاسی هەرێمی کوردستان و کێشەی بەردەوامی ئەم هەرێمە لەگەڵ عێراق و تاوانی جینۆساید لەسەر کورد و سەرنەکەوتنی مافی چارەنووس بە شێوەی ناوخۆیی و نەمانی ئومێد بۆ عێراقێکی پێشکەوتوو کورد دەتوانێت، بە ڕەچاوکردنی یاسای نێودەوڵەتی، بە تایبەت بە سەرنجدان لە دکتۆرینی جیابوونەوەی چارەساز بیر لە داهاتوو و چارەنووسی خۆی بکاتەوە. بەپێی ئەم لۆژیکە، کورد ئەگەر نەگاتە دۆخی چارەسەرکردنی کێشە لە ناوخۆی عێراقدا دەتوانێت لەسەر بنەمای تیۆری جیابوونەوەی چارەساز کێشەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق چارە بکات و مافی چارەی خۆنووسین بکاتە دوایین ڕێچارە.

**پێشنیاز**

- پێویستە ئەدەبیاتی جیابوونەوەی چارەساز بە زمانی کوردی و زمانە زیندووەکانی دیکە زۆرتر بکرێت.
- پێویستە توێژینەوە و ئەدەبیاتی تایبەت بە جیابوونەوەی چارەساز لەلایەن زانکۆکانی کوردستان وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی و کورد خۆی توێژینەوەی زیاتر لەوبارەوە بکات بە تایبەتی لەسەر وڵاتانی هاوشێوەی کوردستان.
- بۆ ئەوەی ئەزموونی زیاتر بەدەستبێت پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی چڕ بۆ ئەو وڵاتانە بکرێت کە بە دکتۆرینی جیابوونەوەی چارەساز مافی دیاریکردنی چارەنووسیان وەرگرتووە.
- پێویستە کاری یاسایی و هونەریی زیاتر لەسەر جینۆسایدی کورد بکرێت و هەرێمی کوردستان داوای قەرەبوو بکاتەوە.
- پێویستە کورد کاری یاسایی بکات بۆ ئەوەی کارەساتی ئەنفال و کیمیاباران و تەعریبی کوردستان وەک جینۆسایدکردنی نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی یاسایی فەرمی بناسرێت.

**پەراوێز**

١. پەیماننامەیەکە کە لە دوای کۆتایی جەنگەکانی سی ساڵەی ئایینی (1648-1618) لە نێوان وڵاتانی ئەوڕووپایی گرێدرا. لەو پەیماننامەیەدا، جگە لە بەریتانیا و پۆڵەندا، هەموو وڵاتانی ئەوڕووپا بەشداربوون.

**سەرچاوەکان**

**کوردی**

ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان-عێراق، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق، (هەولێر: شەهاب، 2006).
ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان، بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان 1992، (سایتی پەرلەمانی کوردستانhttps://www.parliament.krd/media2022/9/29 :)، سەردان
بارزانی، مەسعوود، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی 3، بەشی دووەم، (هەولێر: ڕۆژهەڵات 1961-1975، 2020)
بارزانی، مەسعوود، بۆ مێژوو، (هەولێر: ڕۆکسانا، 2020).
دیشنەر، گوینتەر، کورد؛ گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، وەرگێرانی حەمە کەریم عارف، (هەولێر: وەزارەتی ڕۆشەنبیری، 1999).
ڕەمەزان عەبدوڵلا، ڕێبوار، جینۆسایدکردنی بارزانییەکان لە سەدەی بیستەمدا، (هەولێر: منارە، 2011).
ظاظا، محمد، عێراق؛ لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووە سیاسییەکەی، وەرگێرانی ئامانج نیعمەت، (سلێمانی: چوارچرا، 2011)
عەبدە، زەمان، مەرگەساتی ئەنفال، (هەولێر: منارە، 2010).
عەلیاوەیی، عەبدولا، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، (سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، 2004).

**فارسی**

**کتاب**

بیشیکچی، اسماعیل، مسأله کردستان در ترکیه و عراق، ترجمه محمدرئوف مرادی، (تهران: نشر حمیرا، 1378).
حاجی‌یوسفی، امیرمحمد و احمد سلطانی‌نژاد، سامان سیاسی در عراق جدید، (تهران: وزارت امور خارجه، 1387).
دشنر، گونتر، کرد ملت بی دولت، ترجمه کمال الدین مهدی، (اربیل: آراس، 2011).
دهنوی، نظام علی، اسنادی از روابط سیاسی ترکیه و عراق (1937-1922)، (تهران: وزارت امور خارجه، 1386).
رندل، جاناتان، با این رسوایی چه بخشایشی؟ تحلیل اوضاع سیاسی کردستان، ترجمه ابراهیم یونسی (تهران: انتشارات پانیذ، 1387).
پژوهش معاونت انتشارات فرامنطقه‌ای، (تهران: و منطقه‌ای قدرت و علیرضا، کردها عطار، شیخ استراتژیك، 1382). تحقیقات مرکز سیاست خارجی
عزیزی، ستار، تأسیس و جانشینی دولتها، (همدان، دانشگاه بوعلی سینا، 1400).
عزیزی، ستار، حق تعیین سرنوشت در آئینه حقوق بین‌الملل، (همدان، دانشگاه بوعلی سینا، 1400).
عزیزی، ستار، حمایت از اقلیتها در حقوق بین‌الملل، (تهران: نور علم، 1385).
گودبای، جیمز. ای، تعارضهای منطقه‌ای، ترجمه محمدرضا سعیدآبادی، (تهران، پژوهشکده مطالعات راهبردی، 1382).
الماسی، نجاد علی، تعارض قوانین، (تهران، مرکز نشر دانشگاهی، 1384).
مک داول، دیوید، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی (تهران، پانیذ، 1381).

**مقالات**

حقوقی نظریه بشر؛ ارزیابی حقوق و سرزمینی تمامیت ابراهیم گل، علیرضا و سیامک کریمی، تقابل تابستان 1394). و بهار 2، بین‌الملل، شماره سیاست چارساز، (پژوهشنامه ایرانی جدایی
اخوان خرازیان، مهناز، تحول حق تعیین سرنوشت در چارچوب ملل متحد، (تهران: مجله حقوقی، شماره 36، 1386).

آرش پور، علیرضا و فرناز شیرانی، ارتباط اصل حق تعیین سرنوشت با تجزیه‌طلبی و خودمختاری، (فصلنامه پژوهشهای روابط بین‌الملل، شماره 11، 1393).
حبیبی، همایون و علی نواری، ارزیابی وجود حق بر جدایی چاره‌ساز یا جبرانی به عنوان قاعده حقوق بین‌الملل عرفی، (مجله حقوقی بین‌الملل، شماره 51، 1393).
حبیبی، همایون، شاملو، سوده، نقش دیوان بین‌المللی دادگستری در توسعه حقوق بین‌الملل، (پژوهش حقوق عمومی، شماره 41، 1392).
نظریه جدایی به انتقادی جدایی طلبی: رویکرد و بشر حقوق حدادای، مهدی و سیامک کریمی، نقض بین‌الملل، (فصلنامه مطالعات حقوق عمومی، شماره 4، 1394). حقوق در چاره‌ساز
حدادی، مهدی و سیامک کریمی، اعمال یک جانبه دولت‌ها به عنوان منبع تعهد بین‌المللی در حقوق بین‌الملل، (فصلنامه تحقیقات حقوقی، شماره 81، 1396).
حیدری، محمد و حمیدرضا مهدی، "تحولات ژئوپلیتیکی دهه پایانی قرن بیستم و تأثیر آن بر امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران"، (فصلنامه ژئوپلیتیك، شماره 2، 1386).
خلف رضایی، حسین، والی الله حیدرنژاد، حمید ناصری منشادی، بررسی تطبیقی نسبت حق تعیین سرنوشت و حقوق اقلیتها در حقوق بین‌الملل و نظام جمهوری اسلامی ایران، (تهران: فصلنامه مطالعات حقوق عمومی، شماره 3، 1396).
رشیدی‌نژاد، زینب، موازین و مرزهای مداخله بشردوستانه در رویه شورای امنیت، (مجله حقوقی نشریه مرکز امور حقوقی بین‌المللی معاونت حقوقی و امور مجلس ریاست جمهوری، شماره 37، 1386).
رهامی، روح‌الله و محمدعلی بهمنی قاجار، ممنوعیت پیوسته‌سازی سرزمینی و نظریه جدایی چاره‌ساز در بحران کریمه، (فصلنامه مطالعات اوراسیای مرکزی، شماره 1، 1399).
زارعی، بهادر، تحلیل چالشهای اقلیم کردستان و حکومت مرکزی عراق و تأثیر آن بر آینده کشور، (فصلنامه سیاست، شماره 3، 1396).
زارعی، سحر و سیدعباس پورهاشمی، توسعه حقوق بین‌الملل محیط زیست در پرتو آراء و رویه‌های قضایی بین‌الملل، (فصلنامه علوم و تکنولوژی محیط زیست، شماره 74، 1396).
زمانی، سید قاسم و علی نواری، حق جدایی جبران‌ساز در پرتو رویه قضائی ملی و منطقه‌ای، (فصلنامه پژوهش حقوق عمومی، شماره 46، 1394).
ساکی، محمدرضا، ضمانت اجرای کیفری جرایم علیه حقوق بشر و حقوق بشردوستانه، (فصلنامه دیدگاه‌های حقوقی، شماره 44 و 45، 1387).
شهبازی، آرامش و خدیجه جوادی شریف، وضعیت دولت-کشورهای ناتوان در حقوق بین‌الملل معاصر، (فصلنامه پژوهش حقوق عمومی، شماره 39، 1392).
شهبازی، آرامش و زهرا حاجی پور، جایگاه دکترین در منابع حقوق بین‌الملل معاصر، (فصلنامه علمی پژوهی تعالی حقوق، شماره 1، 1397).
، متدولوژی حقوق بین‌الملل، (فصلنامه حقوق و سیاست، شماره 16-15، ضیایی بیگدلی، محمدرضا 1384).
ضیائی، سیدیاسر، جدایی‌طلبی در حقوق بین‌الملل؛ تقابل حق تعیین سرنوشت مردم و اصل احترام به تمامیت ارضی کشورها، (فصلنامه پژوهش حقوق، شماره 32، 1390).
ضیائی، سیدیاسر، شناسایی در حقوق بین‌الملل: آثار حقوقی شناسایی کوزوو، اوستای جنوبی و آبخازیا، (مجله پژوهشهای حقوقی، شماره 17، 1389).
عباسی، مجید و علی اکبر کیانی، حکمرانی جهانی و حقوق جهانی؛ گذار از حقوق بین‌الملل دولت-محور در عصر جهانی‌شدن، (فصلنامه مطالعات راهبردی سیاست گذاری عمومی، شماره 9، 1391).

عبدالی، زانیار و امیر نیاکوئی، تناقض بین دو اصل حق تعیین سرنوشت و حق حاکمیت ملی در حقوق بین‌الملل مطالعه موردی: بحران اوکراین و جدایی کریمه از آن کشور، (فصلنامه سیاست، شماره 49، 1398).
بین‌الملل، حقوق در کردستان اقلیم استقلال جدایی مشروعیت نبایدهای و عزیری، آریا، بایدها (فصلنامه علمی حقوق یار، شماره 3، 1396).
عزیزی، ستار، روند استعمارزدایی از منظر حقوق بین‌الملل، (فصلنامه علمی-دولت پژوهی، شماره 27، 1400).
عزیزی، ستار، استقلال کوزوو: بررسی مشروعیت جدایی یک جانبه در حقوق بین‌الملل، (مرکز امور حقوقی بین‌المللی معاونت حقوقی و امور مجلس ریاست جمهوری، شماره 38، 1387).
عزیزی، ستار، بررسی مشروعیت جدایی یکجانبه کریمه از اوکراین: تحلیل رویه و عملکرد دولت-ها، (فصلنامه پژوهشهای حقوق تطبیقی، شماره 1، 1394).
عزیزی، ستار، تحلیل و بررسی نظریه کتبی ایران در پرتو نظریات کتبی دیگر دولت‌ها: درخواست رأی مشورتی کوزوو، (سالنامه ایرانی حقوق بین‌الملل و تطبیقی، شماره 4، 1387).
عزیزی، ستار، رویکرد دیوان عالی بین‌المللی دادگستری به حق تعیین سرنوشت در رأی مشورتی کوزوو، (فصلنامه حقوق، شماره 8، 1389).
عزیزی، ستار، رویکرد متعارض دولت‌ها به حق تعیین سرنوشت خارجی؛ بررسی نظریات کتبی دولت‌ها در قضیه رأی مشورتی کوزوو، (مجله پژوهشهای حقوقی، شماره 16، 1388).
و جنوبی اوستیای و شناسایی جمهوریهای آبخازیا در روسیه حقوقی دلایل و عزیزی، ستار، موضع بین‌المللی، شماره 42، 1389). حقوقی حقوقی کوزوو، (مجله شناسایی عدم
غلامعلی قاسمیان، امینه مؤیدیان، نسبت حق تعیین سرنوشت و دموکراسی از منظر حقوق بین‌الملل، (تهران: فصلنامه تحقیقات حقوقی، شماره 89، 1398).
فاضل، رضا، بررسی نظر مشورتی دیوان بین‌المللی دادگستری در مورد اعلامیه‌ی یک جانبه‌ی استقلال کوزوو، (فصلنامه تحقیقات حقوقی آزاد، شماره 11، 1390).
کرمزاده، امین، مسعود علیزاده و شهرام زرنشان، استقلال‌طلبی کاتالانیا از منظر حق تعیین سرنوشت در حقوق بین‌الملل، (فصلنامه مطالعات حقوق عمومی، شماره 2، 1401).
کهریزی، رزیتا، حق تعیین سرنوشت در رویه قضایی دیوان بین‌الملل دادگستری، (فصلنامه اندیشه‌های حقوق عمومی، شماره 1، 1398).
گرجی ازندریانی، علی اکبر، گذری بر دیوان قانون اساسی بلژیک، (فصلنامه راهبرد، شماره 50، 1388).
موسی زاده، رضا، راهبرد نوین قانون گذاری در حقوق بین‌الملل با تأکید بر تحول مفهوم رضایت دولت‌ها: بررسی موردی توافق بین‌المللی 2015 پاریس، (فصلنامه پژوهش‌های روابط بین-الملل، شماره 19، 1395).
مولایی، یوسف، حق تعیین سرنوشت؛ از ادعای سیاسی تا مطالبه حقوقی، (تهران: فصلنامه مطالعات راهبردی، شماره 65، 1393).
میرعباسی، سید باقر، حقوق بین‌الملل عمومی، (تهران: نشر میزان، 1391).
هاشم پور، ارحام، تقابل اصل تعیین سرنوشت با اصل احترام به تمامیت ارضی به زور در اجرای آن، (همایش ملی حقوق بین‌الملل در آینه علوم روز، دوره 1، 1391).
بین‌الملل، (مجله حقوق چارەساز در جدایی آستانه و ویسی چمه، محمد و عزیزی، ستار، مشروعیت بین‌المللی، شماره 16، 1398). حقوقی

**عربی**

أحمد، پشتیوان، حوارات في الهزيع الأخير حول شؤون الحكومة والبرلمان في العراق وإقليم كردستان، ترجمة دياري علي، (اربيل: مطبعة كاروخ، 2011).

جامباز، طارق و روژان دزەيي، كوردستان العراق و جنوب السودان من حكم الذاتي الى الفدرالية، (اربيل: مطبعة شهاب، 2008).
دستور جمهورية العراق، مجلس النواب العراقي، (بغداد: الدائرة الإعلامية، 2013)
https://www.parliament.krd/media/2098/destwr.pdf

**ئينگليزى**

Allen E Buchanan. "**Justice, legitimacy, and self-determination: Moral foundations for international law**", Oxford University Press on Demand. (2007).
Hilpold, Peter, **The Kosovo Case and International Law: Looking for Applicable Theories**, Chinese Journal of International Law, Vol. 8, (2009). pp. 47-61.
Heiko Krueger, **"Implications of Kosovo, Abkhazia and South Ossetia for international law"** (3) 2 [Caucasian review of international affairs] (2009).

پوختەی توێژینەوە بە زمانەکانی ئینگلیزی، فارسی و عەرەبی.

**Evaluation of Theory of Remedial Secession in International Law and Its Corresponds to the Demand for Independence of the Kurdistan Region**

**Abstract**

The main subject of this study is “Remedial secession,” which emerged associated with the global development and promotion of human rights in a non-colonial context as a new theory of the principle of external self-determination right. In this respect, this study aims to analyze the direction and history of the Remedial secession paradigm and explain how the doctrine of this theory has formed and turned into conventional practice. Besides, in addition to a description of the foundation of remedial succession theory, several successful practical patterns of implementation of this theory all around the world have been introduced.
Finally, the conventional position and legislation process of the theory of remedial succession in international law were evaluated and based on the current theory, the separation of the Kurdistan Region from Iraq was studied.
**Keywords**: remedial secession, self-determination right, Territorial integrity of the State, Kurdistan Region of Iraq.

**مطالعه نظریه جدایی چاره‌ساز در حقوق بین‌الملل و تطبیق آن با جریان مطالبه استقلال اقلیم کردستان**

**چکیده**

نظریه جدایی چاره‌ساز، که به مثابه‌ی نظریه‌ی جدید حق تعیین سرنوشت خارجی، در وضعیت غیر استعماری، همراه با پیشرفت جهان و اهمیت یافتن حقوق بشر پدیدار گشته، مسأله نوشتار حاضر است. با این رویکرد، این نوشتار بر آن است تا مسیر پارادایم جدایی چاره‌ساز و چگونگی شکلگیری دکترین این نوع از جداشدن و سپس تبدیل آن به یک عرف کاربردی را تجزیه و تحلیل کند. همچنین علاوه بر توصیف شالوده‌های نظریه‌ی جدایی چاره‌ساز، الگوهای پراکتیکی و مشهودی از چگونگی عملیاتی کردن و نیز موفقیت این نظریه در برخی از کشورهای جهان ارائه می‌گردد. در نهایت جایگاه عرفی و روند حقوقی نظریه‌ی جدایی چاره‌ساز در حقوق بین‌الملل ارزیابی شده و بر مبنای نظریه‌ی حاضر جداشدن اقلیم کردستان از عراق مورد بررسی قرار می‌گیرد.
**واژگان کلیدی:** جدایی چاره‌ساز، حق تعیین سرنوش، حفظ یکپارچگی دولتها، اقلیم کردستان.

**دراسة نظرية الانفصال العلاجي في القانون الدولي ومقارنتها مع التيّار المطالِب باستقلال إقليم كردستان**

**الملخص**

إن نظرية الانفصال العلاجي، التي ظهرت بوصفها نظريةً جديدة في حق تقرير المصير الخارجي في الأوضاع غير الاستعمارية، هي الإشكالية التي تُعْنى بها هذه البحث. وباتّخاذ هذه المقاربةِ، تَهدف هذه اللبحث إلى تحليل ودراسة مسار نموذج الانفصال العلاجي، وكيفية تَشكُّل عقيدة هذا النوع من الانفصال، ثم تحويله إلى عُرف سائد. وفضلاً عن وصف ركائز الانفصال العلاجي، يتمّ عرضُ النماذج المطبَّقة والعينيّة لكيفية تطبيق هذه النظرية ونجاحها كذلك في بعض دول العالَم. وفي نهاية المطاف، يتمّ تقييم المكانة

المدنية والآليّة القانونية الحقوقية لنظرية الانفصال العلاجي في القانون الدولي، ويَخضع انفصالُ إقليم كردستان عن العراق للدراسة بالارتكاز على نظرية الانفصال الراهنة.

**الكلمات المفتاحية**: الانفصال العلاجي، حق تحديد المصير، الحفاظ على وحدة الحكومات، إقليم كردستان.